# قەدەری ژینم ئاوهابوو

مەنسوور ساڵەیی

کەرکووک ٢٠٠٣

ناوی کتێب: قەدەری ژینم ئاوهابوو
نووسەری کتێب: مەنسوور ساڵەیی
بابەت: ژیاننامە
تایپ: نادر عومەر
دیزاینی بەرگ: عبدولستار جەباری
ساڵی چاپ: ٢٠٢٣
چاپی: یەکەم

لە ئەزەلەوە  لە گۆشەیەکی دوورە دەستی گەردوونی فراواندا قەتیس مابووم ، بێهەست لە جەنجاڵی زەمان وکێشە زۆرو زەبەندەکەی . ئەگەر قورت وکێشەکانی ژیانی دنیام زانیبا وپرسی هاتنە وجودیان لامبکردنایەوە ، خۆشی وناخۆشی ئەو فەترە زەمەنییەی کە هەتا ئەم چرکە ساتە کە تێیدام وپرسیان پێمبکردایە (پێش ئەوەی بزانم رەحمی خوا زۆر لەسەرەوەی سزاکانیەتی )نەهاتنم هەڵئەبژارد. ئەوا ئێستە بەم ئاخیر وئۆخرەی عومرەوە هەناسەی گەرم هەڵئەکێشم بۆ لە دەسدانی خۆشەویستەکانم .کە ئەمانە بوون :باوکم ودایکم و دوو براو سێ خوشک و دوو مامە و دوو خالە و دوو پور وسێنزە ئامۆزا کوڕ وشەش کچ بووین سەرجەم خاڵۆزاو وپوورزاکانم یانزە کوڕ وحەوت کچ بوون . زۆربەیان بە تەمەن لە من گەورەتر بوون وهاوتەمەن وبچووکتریش لە من هەبوو.وەهەندێک لە منداڵەکانی ئەوان (جەرگم بۆ هەر هەموویان داغە).جگە لە خزمەکان،بۆ هاوڕێ نزیکەکان و برادەرە خۆشەویستەکانم بە قەدەر ژمارەیان دڵسووتاو ونیگەرانم . بە تەقلیدی حاجی قادری کۆیی دەڵێم

دەزانی زەحمەتە تەعدادی یاران

بە سەد هاوین وزستان و بەهاران

لە گەڵ داوای لێبوردن لە رووحە شادەکەی «هێمن»دەڵیم:ئەوی خۆشم ویستووە جێمی هێشتووە ،یەکیەکەیێک نەبێ وەک داوڵی پاش درەوی سەپان .لە کاتی تەنیاییمدا ـــ کە زۆربەی کاتم تەنیاییە ـــ دەوری خزمەکان وبرادەران وهاوسێیان وناسیاوانم دەکەمەوە کڕووزەیەک لە تەوقی سەرمەوەدێ ولە بن پێمەوە دەرئەچێ ولووتم ئەکزێتەوە وەرۆندک لە چاوم دێتە خوارەوە و،بەدەردی خۆم ئەتلێسمەوە قەدەرم ئەوها بوو لە ساڵی (1938)ی عیسایی بەرامبەر (2638)ی کوردی لە دایکبووم لە گوندی سەربیر ـــ پردێ ـــ کەرکووک ، لە خێزانێکی

گوزەران مام ناوەندی ، کە پێکهاتبوو لە باوک ودایک و(6)منداڵ ، دونیان پێگەیشتوو چوارەکەی تری هێشتا دەسمان داری نە ئەگرت ، من بچووکەکەیانبووم بژێویمان بە کشتوکاڵ کە زەوییەکەمان (65)دۆنم بوو، بڕکە مەڕێک ورەشە وڵاغیشمان هەبوو . لە خوا بەملاوە موحتاجی هیچ کەس نەبووین ، ئێستەشی پێوەبێ چاو لە بەر عەبدەل بەشەر نین. لە پڕ دێوەزمی نەهاتی وچەرخی چەپگەرد خێزانەکەمانی تەفرو توناکرد (ئاخ لەو مەینەتییەی بەسەر ئێمەهات ): پەتایەکی کۆشندە پەیدا بوو لە ناو چەکە، بە ماوەیەکی زۆر کەم باوکم وبرا گەورەکەم وخوشکە گەورەکەمی کردە سووتەمەنیی . لەوەوە کوێرەوەری ونەهامەتی باڵیکێشا بەسەر ئەم خێزانە بەختیارەدا. بە تایبەتی کە هاوکاتبوو لە گەڵ بزوتنەوەکەی رەشید عالی گەیلانی وقاتو قڕیەکەی چلەکانی سەدەی بیست وجەنگی دووەمی جیهانی . کە گەورەی ماڵ وئیشکەر نەما شیرازەی خێزانەکەمان تێکچوو . من

ئەوکاتە تەمەنم لە نێوان دوو  بۆسێ ساڵبوو « لە خۆم غەریبێ » چونکە لە سۆزی باوکم مەحرووم بووم . ئیستەش سۆزداری خۆم بۆ مناڵەکانم وسۆزداری باوکانی تر هەڵدەسەنگێنم خۆم .
بەهەتیو دەزانم . بەگۆیرەی گێڕانەوەی دایکم وسەرجەم خەڵکی سەربیر وناسیاوەکانی ، باوکم پیاوێکی بەرەحم سۆزدار بووە. هەر وەها مەشرەبخۆش وگاڵتە چی وخزمەتگوزار بووە ، وخوا پەرستێکی بەراستی بووە . مامەکانیشمان لەو هەلو مەرجە نەبوون بمانئێنە بن باڵی خۆیان ونەهێڵن بێباوکیمان پێوە دیاربێ . دایکم ناچار بارگەی لێکناو (گوندی تەقتەق هاتم) . بۆ لای براکەی ، ساڵح مام کەریم . لەوێ لە ژێر چاودێری خاڵم وتێکۆشان وجوهوود ومادونەناسی دایکم کە بەمەردی باڵی سۆزداری بەسەرمانا هێنا بەبێ ئەوەی بهێلێ موحتاجی دەرگای هیچ کەس بین ، بە کولە مەرگی ، بەڵام بەسەر بەرزی ژیانمان بردەسەر ومنەتباری هیچ تاکێک نەبووین جگە لە خاڵمان ( جیگەی بەهەشتە) إن شاء الله . بەو حاڵەتەوە لە تەقتەق ماینەوە هەتا ساڵی (1947) مستەفای برام گەیشتبووە قۆناغی گەنجی. وەختی ئەوە هاتبوو بۆ گەڕانەوەمان بۆ زیدی خۆمان « سەربیر» . ئەوە بوو گەڕاینەوە بۆ سەر موڵک وماڵ و زەوییە کشتوکاڵەکەمان وقۆناغێکیتر دەستی پێکرد لە چۆنیتی ژیانمان . لە ئەنجامی ئەو بارکردنە لە تەقتەقەوە بۆ سەربیر گۆڕانێک روویدا لە خودی من.
:: من لە تەقتەق شەش یادگاریم هەیە:
1- نەجمەی مام مستەفا کچ عازەب بووە ، بیستبووم بە منداڵیم هێلکە و ڕۆنی زۆری داوە پێم ( لەبیرم نیە لە بەر منداڵی ) تەمەنم ئەوسا لە خوار شەش ساڵی بووە.  لەم دوییەدا (چەند ساڵێک پێش ئێستە ) لە گەڵ کەریمی برای سەردانیمانکرد لە ماڵەکەی . کەریم لێیپرسی : تاتە ئەم پیاوە ناناسی ؟ ئەویش بە چاو کڕیاری لێمی ڕوانی ونەختێک داماو ئەمجا وتی نا بەخوا نایناسم ، کێیە ؟ . کەریم وتی ئەمە مەنسوورە ئەو وتی مەنسوور ؟. من بۆیم رونکردەوە ( کوڕەکەی ئایشەکەڕە)ی رەحمەتی ووتم

( دەوەنیش بە دار ئەبێ) ها وانیە دوای ئەوە وتی زۆر جار ئێواران بە میم ئایشەم دەوت مەنسوور لە گەڵ خۆم ئەبەم ئەویش دوای نەختێک دوو دڵی ، ئەیوت ببیە . شەو لە تەنیشت خۆمەوە جێم بۆت رائەخست  وبەیانیش هێلکەو ڕۆنم ئەدا پێت « وەک منداڵی خۆم سەیرم ئەکردی » دوای ئەوە وتی « میم ئایشە ژنبوو نە گاڵتە» تاتە نەجمە قیسمەتی وابوو خوا منداڵی پێنە بەخشی . بەو کەسەرەوە سەری نایەوە .
2- عەزیز کۆڕی کۆیخا مەحموود ، تاقانە بوو، سێ خوشکی  هەبوو. تووشی نەخۆشییەیەکی کوشندە بوو ، بە پەلە گەیاندیانە بەغدا، چونکە دوکتۆر ودەرمان ونەخۆشخانە لەوێ دەس ئەکەوت.

عەزیز لە بەغدا مرد . لە بیرمە لە بان خانوو خەوتبووم ، تاریک وروونی بەیانییوو یەکێک لە ڕێگەوە ئەهات ، بە دەنگێکی بەرز بانگی پیاوێکیکردو وتی عەزیز مردووە ، شەو هێناویەتیانەوە  ترومبێلە کە لە پەچە رەش سەقەتبووە ، هەموو ئامادەبن بە گوریس و دوو هێستر تەرمەکەی وترومبێلەکە بگەیێنینەوە ئاوایی. لە بەر دەرگای ماڵیان قوڕێکی شلیان گرتبووە وە پیاوەکانی تەقتەق وهی تریش شیوەنیان ئە گێڕا وبەهەردوو دەس قوڕیان بەسەر خۆیاندا دەکرد .
چونکە عزیز خزمەتگوزار وخۆشەویستی هەموانبوو. بەمردنی عەزیز هیچ ئاسۆیەکی کە پێی بوترێ ژین لەو ماڵە وجوودی نەما. وەکو ئەڵێن تەرکی دنیایانکرد . دایکی هەتا مرد نەخۆی شوشت ونەجلکێکی نوێی لەبەر کرد . خوشکەکانیشی بڕیاری شوونەکردنیاندا . بەڵام لە ژێر فشاری خزمەکان خوشکە گەورەکەیان لە ئاموزایەکی مارە بڕی ، دوانەکەیتر هەر بە عازەبی مانەوە . فیتەریان هێنابوو بۆ چاککردنی ئۆتۆمبیلەکە فیتەرەکە لە لای مەکینەی ئۆتۆمبیلەکە خەریکی کاری خۆیبوو پیاوەکانیش پاڵیان  بە ئۆتۆمبیلەکەوە ئەنا.

ئێمەی مناڵیش لە گەڵیانا رامانئەکرد . جارێک خۆم بە ئۆتۆمبیلەکەوە هەڵواسی، یەکێک لە پیاوەکان شەپازلەیەکی مزری بە بنگوێما سرواند. کۆیخا عەلی دابەستی باوکی کۆیخا مەحموودی باوکی عزیز بوو ، ناز ناوی دابەستی لەوەوە هاتبوو کە بەردەوام مەڕو کاوڕی دابەستەی هەبوو لە ماڵەوە نەبادا میوان بێن و لە چرکەساتێکا گۆشت حازر نەبێت. کۆیخا عەلی دابەستی دیاریترین کە سایەتی ئەو ناوچەیە بوو لە دوای خانەوادەی خانەقا. بە ئەسڵ خەڵکی گوندی سەربیرە ، خاڵۆی باپیری منە لە باوکمەوە.

شێخ کەریم سەرۆک عەشیرەتی ساڵەیی لە سەرە مەرگدا بە کوڕەکەی وت ڕۆڵە نەجمەدین کە مردم سوارێ بنێرە بە شوێن عەلی دابەستیدا بابێ ولە تەک تەرمەکەمبێ هەتا قەبرستان (گۆڕستانی شێخەکان هەتا ئیستەش لەپردێیە)، بە شکو دوای مردنیشم قەدرم لای خەڵکی بمێنێ .
3- گۆلێک لە ژوور گوندی تەقتەقەوە  هەبوو گۆلە خەجەی ناو بوو ، سەرچاوەی ئاوی شیرینیا نبوو لە وەرزی زستاندا ، چونکە ئاوی بیرەکانی تەقتەق شوێر بوو . ڕوژێک وەختی چێشتەنگاوە وەرزی زستانبوو ئێمەی مناڵ راوەستابووین لە کەنار گۆلەکە یەکێک لە منداڵەکان بە دەمیاهات و وتی کێ ئەتوانی لە گۆلەکە بپەڕێتەوە لە ناو ئەو ئاوە ساردە .

منیش بە دەمی سووتاوم « دەمە چیت لێکەمە » وتم من ئەتوانم . هەر کە واموت شا محەمەد کە زۆر لە من گەورە تربوو ، بە ناجسنی کەوتە هەراو هوریا وچەپڵە لێدان و

وتی ( وەڵا مادام واتوت ) ئەگەر لێینەپڕیتەوە سەری باوکت ئەڕزێ . منیش بۆ ڕێزلێنانی باوکم کراسە شۆڕەکەی بەرم هەڵکرد هەتا خوار ناوکمەوە گۆلەکەم شەقکرد ، لە سەرەوە لێمدا و لەو سەرەوە دەرچووم بە فریوی شا محەمەدی چەمەری . بەم خزمەتکردنە زۆر کەیف خۆشبووم.

::4-هەر لەیادگارییەکانی تەقتەقمدا: جارێک لەگەڵ هاوڕێکانم دەچووین بۆ سەر گردەکەی «تەلە کلیب» کەلە ئاواییەوە نزیکە بۆ خشخشۆکە . من لە پێش هەموویانەوە دەڕۆیشتم ، بینیم کەرێ میزێکی سپییکردووە لەسەر ڕێگاکە ، منیش بانگیانمکرد دەوەرن وەرن ئەمە دۆیە لێرە ڕژاوە .
5- جارێکی دی لە کاتی یاری کردندا لە گەڵ محەمەد تۆفیق « محەی توفیقە سوور» بە شەڕ هاتین ، دیارە من لێمداوە . دایکی بە کەستەکێکەوە کەوتە دووام و راومینا هەتا ناو حەوشەکەی خۆمان ، لەوێ گەیشت پێم وکەستەکەکەی ئاراستەی پشتم کرد و لەسەر دەم کەوتم.

دایکم لە ناو حەوشە بوو ، کە بینی هەر ئەوەندەی وت « عافەریم چۆن دەرەقەتی هاتی !». دایکی بەرەو دواوە کشایەوە بە خەجاڵەتی وتەریقیەوە .
::6- ماڵی خاڵم لە گوندی تەقتەق بوو . کچێکی عازەب عەقڵ نا تەواو وبێفکر وساویلکە وشەلبوو، ناوی گوڵە بوو ، بە ( گولە شەل ) مەشهوور بوو هاوسێی ماڵی خاڵم بوون . بە ڕۆژەوە بە زۆری دەچوو م بۆ ماڵیان ومنی باش دەناسی چونکە من بە منداڵی ماڵمان لەوێ بووە وبە بەردەوامی هاتوچۆی ماڵی خاڵم دەکرد. هەر جارێ من بچوومایە ئەویش دەهات . هەموو جارێکیش پرسیاریان لێیدەکرد گوڵە ئەمە دەناسی؟ . ئەویش دوای ئەوەی لێمڕادەما وبەدرۆ تاوو تۆمی دەکرد سەری بادەداودەیوت نا ، نایناسم . ئێمەش هەموومان دەمانزانی کە دەمناسێ ، بەڵام کردبووی بە خوو . دوای ئەوەی بووم بە مامۆستا جارێک چووم وبە چاکەتو پانترۆلەوە دیتمی . هەر وەکو جارەکانی پێشوو پرسیارە تەقلیدیەکەیان لێیکرد گوڵە ئەمەدەناسی ؟ . وەڵامی دایەوە، ئەی بۆ نایناسم مەنسوورە بۆتە لۆتی.

:: کە لە ژینگەی تەقتەقەوە بۆ ژینگە تازەکە کە لە سەربیرە، بەرە بەرە ناسینی خزمەکان و گرتنی چەند برادەرێکی تەمەنی خۆم ، هەستێکم لادروستبوو ( خۆم ناسی) بە وتەی ئەختیارێک « ماشە للا مەنسووریش هەراشە» . چونکە لەو سەرو بەندەدا فەراقە بوو بووم .لەو حەد وسەدەدا لە گەڵ منالە هاوتەمەنەکانم بە ڕۆژەوە گولان وفلووسانمان دەکرد ، لە گەڵ هەلووکێن و عەدار عەدار دوگڵەمەڕێ ویاریتر . جار جارەش بەناو ئاواییا راکە راک ویەکتریمان ڕاوئەنا . لە مەوسمی زاو زێی ئاژەڵیش بەرخە کۆرپەکانمان لە

قەرسیل (شیرە) ئەلەوەڕاند ، کاتی هەراشبوونیانیش ، لە کاتی درەودا لە پەرێز ئەمانلەوەڕاندن .
ڕۆژێک لە پەرێزی ماڵی مامم بەرخم ئەلەوەڕاند ، لەو پارچە زەوییەی ناوی (شێلمانە)یە ، کە ئەکەوێتە نێوان گوندی سەربیر وگوندی قەرەسالم . مام فەقێ عەلی کە ئەختیارێکی گوندی سەربیر بوو ، زۆر نەبوو ماڵی لە گوندی شێخانی خدری پاشاوە هاتبووە ئەوێ ، هاتە سەر پەرێزەکە ، پیاوێکی زیرەک و وریا بوو ، سەرگۆزەشتەو حەکایات وشیعریشی لەبەر بوو . سەپانەکان داوایان لێکرد بەکرەییەکیان بۆ بڵێ .

ئەویش بە زاراوەی هەولێری وتی: ئەمن ناتانم دورنەی بکەم ، بەران دێم لە گەرتانا لۆ تان دەرێم ئەنگۆش بگێرنەوە . شعری بەکرەییەکە بە مەزەندەی خۆم لە (15)بەیت کەمتر نەبوو ، منیش لە گەڵیانا ئەڕۆیشتم و هەموو شیعرەکەم لە بەرکرد . کە بۆیانم خوێندەوە وتیان لەو شایەرە !. بەکرەیی جۆرە درووەنەیەکە سێ سەپان یان سێ پاڵەیی هەڵئەسن ، بۆ دەربڕینی تواناى خۆیان وشانازی کردن بەخۆیانەوە . لەو ( بەر)ی بە هەڵسانێک ئەیدورنەوە ، بە گازێک کە سەرپاڵە ئەیکێشێ بە شعری (14)بڕگەیی ولە سەر شێوەی گۆرانی ئەنجام ئەدرێ .
یەک لە سێ کەسەکە ئەیڵێ ودوانەکەیتر بۆی ئەسەننەوە بەبێ پشت راستەوەکردن تاکۆتایی گازەکە . ڕیتمی شیعرەکە هاوکات ئەبێ لە گەڵ بڕینی سواڵەکە .
ئەمە دوو نموونەی شیعری بەکرەییە :
1- باردەکەین بۆ هەواران
ڕۆنی دەگرین بە باران
جوانێ میوانی تۆمە
هەموو دانی ئێواران
2- کالیەو گۆریەم لە پێکرد هەڵمکێشا بە لەکی چوومە سەر زێی بادینان لێمدەدا بە کەڵەکی کلم لە ئێران بڕی لە بۆ جاوی بەڵەکی .
: لەم نەقڵەوە روداوێکیتر عەرزی خوێنەران ئەکەم کە بووە هۆی گۆڕینی ڕێبازی ژیانم و هەتا ئەم ساتە وەختەش لە گەڵی وەکو قەندیل ومەندیلم رابردووی زیاتر لە (70)ساڵی ژیانم لەوەوە دەستی پێکرد : دیارە جاری وا هەیە کە ( ڕێکەوت ) لە بەرنامە بۆ داڕێژراو کاریگەرتر ئەبێ . لە هیزر وباوەڕی هیچ کەسێک نەبوو من بچمە بەر خوێندن لە حوجرە ، بەڵام مێژوو ئەوەیە کە ڕوو ئەدا . ( لە من ڕوویدا) . بە ڕێکەوت ڕۆژێک لە گەڵ هەندێک لە هاوڕێکانم لە پاین حوجرەی فەقێکانەوە گولانم ئەکرد . هاوکات یەکێک لە مناڵە هاوتەمەنەکانم نرابووە بەر خوێندن .

فەقێیەک لە بەر بەرۆچکەی حوجرەکەیان دەرسی پێئەدا و زۆر لە گەڵی خەریکبوو ،بەڵام ئەو لە گەڵ هەوڵێکی زۆری فەقێکە ، هیچ لە دەرسەکەی حاڵی نەبوو . فەقێکەش بێزار بوو ، پێیوت سبەی وەرەوە . منیش هەر بەدەم یاریکردنەوە دەرسەکەم قۆستەوە ولە بەرمکرد . کە نیوەڕۆ چوومەوە ماڵەوە وباسی فێر نەبوونی هاوڕێکەم و لەبەرکردنەکەی خۆمم گێڕایەوە ، وتیان دەتۆش سبەی بچۆ بۆ حوجرە ، باسیپارەت بۆ بنووسن وبخۆینە . منیش ڕۆژی دوایی چووم بۆ حوجرەی فەقێکان ، سیپارەیان بۆ نووسیم . تا ساڵی (1959)لە خوێندنی فەقێیەتی بەردەوامبووم . ( لە دواییدا باسی لێوەدەکەم ) ئەو هاوڕییەی منی پەلکێشکرد بۆ خوێندن زۆری نەبرد خۆی لێکشایەوە ، وهەتامرد هەر بە نەخوێندەواری مایەوە .

:: نوورەدینی ئاموزام هاوتەمەنی من ومحەمەد بوو ، ماڵیان لە گوندی بییانی بوو ، ماوەیەکی زۆر بوو نرابووە بەر خوێندن لای مەلای گوندەکەیان . ناوە ناوە دەهات بۆ سەربیر بە سواریێ کەر ، لە ماڵشەوە دڵیان پێوەی نەبوو، چونکە ماڵی مامەکانی لەوی بوون . ئەویش هۆگری من ومحەمەد بوو ، ولەگەڵ مناڵەکانی هاوتەمنمان پێکەوە یاریمان دەکرد .

کە من چوومە بەر خوێندن ئەو ماوەیەکی زۆر بوو دەیخوێند دیار بوو خوێندنەکەی ئەو پچڕ پچڕ بوو . جارێکیدی کە هاتەوە بۆ سەربیر ، من لە سەرەتای خوێندنی سیپارە بووم وپێموت منیش دەخوێنم.

دوای ئەوەی من قورئانم خەتمکرد ودەسمکرد بە خوێندنی کتێب جارێکیتر هاتەوە بۆ سەربیر ، من لێم پرسی گەیشتیە کوێ لە خوێندن ، ئەویش وتی گەیشتمە سوورەتی (الانبياء) . واتە هێشتا قورئانی خەتمەنەکردبوو،

منیش وتم من قورئانم خەتمکردووە واکتێب دەخوێنم .

ئیتر من نەمهێشت بڕواتەوە تا قورئانم پێی خەتمکرد .

کە باوکی زانی وتی : ڕۆڵە تۆ چون دەگەیتە مەنسوور ، ناوکی مەنسوور دەیتوانی سەعاتێک بەسەر ئەم تەسبیحەیا هەڵبدا وماندووش نەبێت.

::- سیستەمی قۆناغەکانی خوێندنی ئاینی بەم شێوەیەبوو : خۆیندنی سیپارە ( فێرکردنی پیتە هیجاییەکان) ، خەتمەکردنی قورئانی پیرۆز ، سوختەیی ، موستەعیدی ( دوا قۆناغی خوێندن) . خوێندنیش بە زمانی عەرەبی بوو . علومی عەرەبی وئایینی وشەرعی ئیسلام وفەرموودەی لێئەخۆیندرا .

(بریتی بوو لە خوێندنی چەند کتێبێکی دیاریکراو) ، کە دانراوەی سەدەکانی رابووردوو بوون .

پێش ئەم نەوەیەی ئێمە خوێندنی فارسی بڕستی هەبووە لە خوێندنی ئایینیدا . لە سەر وبەندی خوێندنی ئێمەدا باوی نەما ، ئەلوەداعی لێکرا ونرایە ناو تەختانجە بڵندەکانەوە .

دوای سیپاره دەسمکرد بە قورئان خوێندن سیستەمەکە وابوو لە خۆیندنی قورئانی پێرۆزەدا لە سوورەتی (الفاتحە)وە دەست بە خوێندن ئەکرا ، دواجار سوورەتە بچوکەکان .
ملا حەسەنی حافز خەڵکی گوندی بییانی بچوک بوو لە سەربیر ئەیخوێند ، لە پلەی موستەعیدیدا بوو ، دەرسی بە سووختەکان ئەدا وسەرپەرشتی قورئان خوێنەکانی دەکرد .
قورئان خوێنەکان کە دەرسەکەیان ئەخوێند ئەبوو لە حزووری ئەودا دەوری بکەنەوە ، سزای هەر غەڵەتێک چەند دارێکی مزر بوو لە ناو لەپی . لە بیرمە سوورەتی ( صافات)م ئەخوێند لای حوسێن ، کە هاورێمبوو ، لە پێش من دەسی بە خوێندن کرد بوو ، لە باتی (اصطفی البنات علی البنین ) من خوێندمەوە ( اصطغی البنات علی البنین ) . ئایەتی 153

مامۆستا وتی بۆ بە غەڵەت خوێنتەوە . کە زانیم لێقەومانم تووش بوو غەڵەتەکەم دایە پاڵ ئەو وتم حوسێن وەهای پێموت ، ئەویش وتی حوسێنم بۆ بانگکەن . ئەگەر ئەو غەڵەت خوێندیەوە دە داری لێئەدەم . وئەگەر راستی خوێندەوە دە دارەکە لە تۆ ئەدەم . وەکاشە ، ئۆمەرمەندان ، ئیمام نەما لێینە پارێمەوە . خودایە حوسێن بە غەڵەت بیخوێنێتەوە ، بەڵام حوسێن بەراستی خوێندیەوە . ناو لەپی من دارە قوتەی مامۆستای قۆستەوە . بە ڕاستی زەبر و زەنگ وهەوڵی مامۆستا ئەگەرچی نابیناشبوو دەوری باشی گێرا لە فێربوونمان .

نەک تەنیا ئێمە ، بەڵکو زۆرێک لە قوتابییە ئایینیەکانی سەربیر وئەو گوندانەی مامۆستا لێی خوێند بووی سوودیان لێی بینی . خۆشی بە حەسرەتەوە لە (7/7/1987)کۆچی دوایی کرد . لە گۆڕستانی شیخ ئولفەت لە گوندی بییانی بچووک بە خاک سپێررا .
گۆڕەکەی پڕ نوور بێ . بە دەم خوێندنەوە لە وەرزی زاوزێی مەڕەکان بەرخەکانم ئەلەوەڕاند .

::- سیستەمی خوێندنی فەقێیەتی وابوو ( کەمن خۆم یەکێک بووم لەو فەقێیانە ) . کە فەقێ دوای خەتمکردنی قورئانی پیرۆز وخوێندنی چەند وردە کتێبێک لە شێونانیتر بخوێنێ وە بەراتبەو دەقنە چاو لە دەس خەڵکی بژی . ئەگەر نە شوێرم لەو سیستەمە ڕەخنە بگرم بە تێبینی گوزارشتی لێئەکەم ودەری ئەبرم قانع ئەڵی :
«بەدەرزی کێوی گۆیژەم پێ بکێڵن» «ئەوی هاتوتە سەرزارم هەر ئەیڵێم» . فەقێ ئەگەر لە ماڵە گەرم وگوڕەکەی خۆی بیخوێندایە وخواردنێکی گەرم وتازەی دەستی دایکی خۆی بخواردایە و لە ناو جێگەی گەرم وگوڕی ماڵی خۆی بخەوتایە

وهەموو حەفتەیەک خۆی بشۆریایە لە حمامی خاوین وجلەکانی بشۆردیایە لە لایەن دایکی یان خوشکییەوە ، ئایا چاکتر نە ئەبوو لە کۆکردنەوەی نان وچیشتی مالان ونووستن لە حوجرەی سارد وسڕ وبێگار وتەسەڵوتی موستەعید ؟.
لە هەموو ئەمانە سەیر تر وناقۆلاتر ئەوە بوو کە مەلاکان ئەوانەش کە خۆیانیش حوجرە وفەقێیان هەبوو ، ودەیان فەقێی ئەملا وئەو لا لایان ئەیانخوێند کوڕەکانی خۆیانیان ئەنارد بۆ شۆینانیتر بۆ خوێندن . دەوەرە ئەم کەرە لەو قوڕە دەرکە .

موفتی پێنجوێنی شاعیر حەقیبوو رەخنە لەم سیستەمە ، بەتایبەت نان چنینەوەی فەقێکان بگرێ ، ئەوەتە لە بیتە شیعرێکا دەڵی :
« نانێ کە بە گەڕ دەسبکەوێ گووی سەگی تێبێ »
« سەگ لێت بوەڕێ وپیرەژنیش دەم بە دوعابێ»
من لێرە کۆتایی بەم تێبینیەم ئەهێنم ، ئەگەرچی لە لایەن زۆر لە شاعیرانیتریش هەیە .
:: - بێجگە لە لەوەڕاندنی بەرخەکانی خۆمان ، پاش ئەوەی دەسم داریگرت ، بوومە بەرخەوانی سێ ماڵ ، بۆ ماوەی چەند ساڵێک لە وەرزی بەرخ لەوە ڕاندن . ماڵی مام عەبدولا حەمید وماڵی مام ئەحمد حەمە حاجی وماڵی مام مەجید سەعید . دوانەکەی پێشا خاڵوزای باوکم بوون ومام مەجید سەعیدیش بە خزمایەتی ئەگەییە خانەوادەکەی ئێمە .
ماڵی مام مەجید بەردەوام ئەو برکە مەڕەی ئێمە هەمانبوو ، بە نا هۆزە لەگەڵ مێگەلەکەی خۆیان ئەیان لەوەڕاند بەبێ کرێ . ئێمەش کرێی بەرخەوانییەمان لێناسەندن .

هەندێجار لە پاڵ بەرخەوانییەکە شەغرەشم ئەکێشا بۆ ماڵی مام مەجید ، کە شەغرە کێشانەکەیان ئیشی حەسەنی کوڕی بوو ، بەڵام ئەو بۆ ئەوەی دەربکا ، من ئەرکەکەیم بە جێ ئەهێنا ( ئای شەغرەکێشانیش ناخۆشبوو ) (بەڵام حوکمی حاکم ومەرگی موجافات) .
لە کاتی بەرخەوانییەکەم ، من نانم لە ماڵی کەسیان نەدەخوارد ، هەرچەند عادەت وابوو کە رەنجبەر خواردنی لە سەر خاوەن ئیشەکەیە .
جارێک بەرخەکانم ڕادا بوو ، ئەمبردن بۆ لەوەڕاندن لە پەرێز . بەرخەکان شارەزای ڕێگاکە بوو بوون ، وەبەرێی خۆیانەوە دەڕویشتن ،
منیش لە دڵی خۆمەوە وتم بابەناو ئەم خەلەیەدا بڕۆم ، بەڵکو ئەمە خوایە هێلانە قەتییەک بدۆزمەوە ، ڕۆیشتم وهەر چاوێکم کرد بووە چوار چاو . لە ناکاو کەوتمە سەر هێلانەیەکا . (پاروە نانێکبوو خواداى !) . من کە هێلکەم دەس بکەوێ با قەتێ هەر هیلانەی لێتێک بچێ . شامم بەو هێلکانەکرد . جارێکیتر داوم نابووە لە سەر هێلانە قەتییەک . بەیانی ڕۆژی دوایی چووم بە سۆراغییەوە دەبینم داوەکە نەماوە وهێلکەکان لە جێی خۆیانن ، چەند دڵۆپێکی خوێنمدی لە نزیک هێلانەکە . بەدەم بەرخ لەوەڕاندنەوە ، قەتییەک لە نزیک پێم کەوتە فرە فڕ ،

منیش پەلاماریمدا وگرتم ، دەبینم داوەکەم گرتوویەتی وە ئەوەندە هەوڵە ڕۆحی کردووە ، داوەکەی هەڵقەندووە . دوییش داوەکە لە پنچکێک ئاڵا بوو . (تۆ مەیکە خوابیدا ) . دیارە کەس قیسمەتی کەس ناخوات . ( تو خوا ئەمە قیسمەتە) . هەر لە یادگارییەکانی
بەرخەوانیمدا ، ڕۆژێک کۆمەڵێک مناڵ لە نزیک یەکدا بەرخمان ئەلەوەڕاند لە ژوور ئاوایی ، وەرزی بەهار بوو ، توولە مارێکمدی درێژی لە بستێک زیاتر نەبوو . بەدار دەسەکەم سەریم پانکردەوە وکوشتم . ئەمجا بانگی مناڵەکانم کرد بۆ ئەوەی ئەم قارەمانیەتیان پیشانبدەم .
یەکێکیان کە هات وبینی ڕۆحی تیانەماوە دارێکی ماڵی بە سەریدا و وتی (پیاوی درۆ دایکی وا لێبکەم ئەگەر من نەمکوشت !) .
:: -کە مستەفای برام سەر قاڵی موعامەمەلەی موعیلی عەسکەرییوو من ئەبوو بە پێداویستیەکانی ماڵ هەڵسم . لە جووت ودرەو تا بلێی کۆڵەوار بووم . لە جووتا نا مئەزانی جووت دابەستم . مستەفا بە جورێ بۆمی دائەبەستا کەمن وەختی جووتکردنەکە تەنیا فڕ فڕۆکی کۆپەڵانەکەم گرێئەدا لە گەڵ بەستانی مژانەکە بە زەنگوڵەکەوە . بەو شێوە دا بەستانەیان ئەوت جووتدا بەستانی تورکمانی .

خەتە جووتەکەم ئەوەندە چەوتوچێڵ وگێرو وێڕ بوو گاسنەکە زەوییەکەی نووکە رووشەکرد .
لە درەویش نەمئەزانی داسەکەم تیژبکەم ، زۆر جاریش قەیناغەکان لە پەنجەم دەرئەچوون . جار جارەش کە درەوم دەکرد سواڵەکە لە دەستم بەر ئەبووەوە . جارێ دەسم وجارێکیش بەلەکەم بڕی هەتا ئەم ساتە وەختەش جێی برینی دەمی داسەکە لەبەلەکم هەر دیارە ، بەڵام جێی برینی دەسم ئاسەواری نەماوە . (کەس نەماوە ڕەجەب سەرپاڵەبێ) .

جارێ کورتانی کەرەکە چەوتەوە بوو بوو، نەمتوانی ڕاستی بکەمەوە ، گریام ، تاماوەێیک پێم پێدەکەنین لە بەر بێدەسەڵاتیەکەم .

::- لە ساڵە سییەکانی سەدەی بیست ماڵی ئێمە وماڵی مام ئۆمەر (ئۆمەر تەنک) لە وەرزی درەودا هەر بەیەکەوە درەویان کردووە بەبێ ڕەچاوکردنی زۆر وکەمی خەلەکانیان .
هێندە یەکماڵ بوونە کورد وتەنی عەرزیان لە یەک جودا بووە . لە ئەنجامی ئەو توندو تۆڵییە پتر لێک نزیکبوونە ولە ناو دەم ودەسی یەکدا بوونە ، میم زێڕێ خێزانی مام ئۆمەر زۆر شیری داوە بە من لە گەڵ حەیدەری کوڕی ، هەتا لە حەیاتابوو ئەوەندە منی خۆشدەویست هیچ کات فەرقی نە دەکردم لە گەڵ منداڵەکانی خۆی . منیش کە بچومایە بۆ

ماڵیان جۆرە سۆزێک رایئەکێشام بۆ لای ، کە هیچ لە خۆشەویستییەکەی دایکم کەمتر نەبوو .

:: - میم فەیم خێزانی مام مەجید سەعید ئەگەرچی خزمێکی دوری خانەوادەکەی ئێمە بوو ، منی زۆر خۆشەویست کە ئەیوت (توو لە هەناوی کاکەم غەفووری) شەکر لە زاری ئەباری . هەر جارێ بمیدیتایە ئەگەر سەد جار بیوتایە بە قوربانت بم هێشتا بە لایەوە کەمبوو . بەردەوام یادی باوکم ومامم حەسەنی دەکردەوە . کە ئەیوت کاکەم حەسەن وکاکەم غەفوور تاوێک ئەگریا وئەیوت دەستی شکاوم .

هەر بە سروشتیش ژنێکی سۆزدار وگفت ولفت خۆشبوو .
:: - مام هاوار لەو سەردەمە ماڵی لە سەربیر بووە . ئەگەرچی خزممانیش نەبووە بەڵام وا بەستبووە بە خانەوادەکەی ئێمەوە .
لە کاتی فەقێیەتییەکەمدا مابوو ، هەموو جارێک کە ئەمدی دەسیم ماچ ئەکردو، ئەویش رومەتمی ماچ ئەکردو هەموو جارێکیش ئەیوت هاوار بە ماڵم بۆ کاکەم حەسەن وکاکەم غەفوور . هەر وەها ئەیوت ئای ڕۆڵە ئەوان چتۆ پیاوێکبوون . هەزار رەحمەت لە گۆڕیان .

::- زەوی سەربیر دێمەکارە سەرچاوەی ئاوی بە هاوینان چوار بیر بوو ، بیر شێخ بیرە گەورە بیر مام سۆفی ، بیر باجی جەمیل . بەزستانانیش دوو گۆل هەبوون لە تەک ئاوایی ئەوانیش یارمەتیدەری بیرەکانبوون . گۆل شێخ گۆل ساری . ئاو کێشان لە بیرەکان بە شریت ودەولک بوو کە وەختی ئەهات هەموو لە شمان ئەهەژی وئەمانوت ئاو کێشان و ڕوح کێشان شریتەکە لە تەنگەی کەرەکە دەبەسترا ئەبوو ئێمەش سواری بووینایە ژنێکیش لای قاناتی بیرەکە چاوەڕێی گەیشتنمانبوو لە ئەو سەر کەر کێشەکەو ئەیوت یاڵا ودەسووڕاینەوە بەرەو دواوە . زۆر ئاو کێشان لە بەرمان گرانبوو .
زۆر جار دوو شریت ودەولک پێکەوە ئەخرانە ناو بیر ، جاری واش هەبوو دەولکەکان لێک ئەخشان وشریتەکانیش ئەئاڵۆسکان دەولکەکە بە بەتاڵی سەر ئەکەوتە بان . ئەمجا ئەکەوتینە جنێودان .
:: بە منداڵی ئەوندە تامەزرۆ بووم بۆ چوونە شار بۆ سواری ئۆتۆمبیل وخواردنی کەباب و رەختە لەقوم وشەکرۆکە . کە بەنیازی چوونە کەرکووک ئەبووین ئەو شەوە خەو نە ئەچووە چاوم لە خۆشییا .هەر پەلە پەلمبوو دوعام دەکرد خوایە ڕۆژ بێتەوە زوو زوو .
وە ئەو کاتانەی دایکم ئەچوو بۆ سەردانی ماڵی خاڵم کە هەمیشە منی ئەبرد لە گەڵ خۆی خۆشیەکەم دوو چەندانە ئەبوو چونکە دوو جار ئەچوومە شار ، جارێ چوون ، جارێ هاتنەوە . سەڵتەنەتبوو بۆ خۆی .

:: که عەلاف گەنمیاندەکڕی ، لە شونێک کۆیاندەکردەوە هەتا دەبووە باری لۆرییەک ئەمجا کۆڵکێش گەنمەکەیان دەئاخنیە ناو فەردەوە کە دوو جۆری هەبوو داغ سوور وداغ شین .
دوایی کۆڵکێشێک بە بان پشتی بە لەقە لەق گونییەکانی سەر ئەختستە سەر لۆرییەکە کە کێشی هەر فەردەیەک زیاتر بوو لە سەد کیلۆگرام . کە لۆرییەکە بەڕێئەکەوت ئێمەی منداڵ لە بان فەردەکانەوە سوار دەبووین .

لۆرییەکە وەختێ دەگەیشتە دەم شیوەکەی ئاست کەندەڵان جلەیل خێراییەکەی کەمدەکردەوە وئێمەش بە پڕتاو خۆمان فڕێدەدایە خوارەوە لە ناو تۆزی دوای ئۆتۆمبیلەکەوە نقوم دەبووین . ئەمجا هەر بەدەم یاری کردنەوە وبەڕاکە ڕاک دەگەڕینەوە بەرە وماڵ . بە ئومێدی هاتنی لۆرییەکیتر وسوار بوو نێکیتر .
:: لە ناوەندی مانگی تەمووز دەسدەکرا بە چوار بێستان لە کەناری زێی بچووک لەبەر ئەوەی سەربیر دێمە کارە وئاوی نیە .
خەڵکەکەی لە حاوی قەرەسالم ودەرماناو وچیاچەرمک وشێخەیی (چیاچەرمکی بچووک) چوار بێستانیان دەکرد . ئەو جۆرە بێستانە بەقوم ———کە لەکەناری زێیەکە هەبوو ——— وزبڵ بەرهەم دەهێندرا . لە سەربیرەوە بە کەر یا بە هێستر وهەگبە زبڵمان ئەبرد ولەوێ لە گەڵ قومەکە تێکەڵ ئەکرا لە ناو (جەوە) . بەرهەمەکەی لە پایز پێدەگەیی . کە بریتی بوو لە شووتی وکاڵەک وتروزی وەعارەبە رەشە و کوولەگە ونۆ مانگی . لە گەڵ ئەو هەموو زەحمەتە وماندو بوونە جامبازو کڕیارە چاوچنۆکەکان لە دەسمان دەریاندەکرد و بە نرخی هەرزان دەیانبردو ،

دەسکەوتێکی کەم بۆ ئێمە ئەمایەوە (کردەی ئێمە وبردەی شەماڵ) .
:: کوڕ گەل وادیسان ڕۆژی شادییە بەزمی هەڵپەڕکێ ودڵ ئازادییە «قانع» لەوەرزی بەهاردا ، ڕۆژانی چوار شەموان لە سەردەمی پێشا بە سواری کەر ولە دوایی کە وەزعی گشتی پێشکەوتنی بە خۆوەدی بەسواری پاسکیل ئەچووین بۆ دەور وبەری مەرقەدەکەی ئیمام وەکاشە چونکە تاکە سەیرانگای ناوچەکەبوو . لەوێ کاتێکی خۆشمان بەسەر دەبرد وشایی و زەماوەند دەسپێەکرا لە لاین گەنجەکانەوە وگەنجەکانی دێیەکانی تریش هەر دەچوون بۆ ئەوێ بە کوڕوکچەوە ، هەموویان بە دڵی سافەوە هەڵدەپەڕین ئەم دێو ئەو دێ ئەدرایە لاوە . هەموومان لەو ڕەشبەڵەکە بەشدار بووین بە چەشنی خزمی یەکتری . کورد واتەنی بێفەرق . لە ڕێگادا کە دەگەییشتینە نزیک سکەی شەمەندۆفێرەکە ، ماوەیەک رائەوەستاین بە هیوای دەرکەوتنی . چونکە بە دیتنی زۆر کەیف خۆش ئەبووین . بە تایبەتی تەقە تەقی پاچکەکانی ئاوازێکی خۆشبوو لە گوێمان ، هەتا لە چاومان بزر ئەبوو هەر تەماشاماندەکرد .

:: - ئەو ڕۆژەی شەمەندۆ فێری کەرکووک هەولێر گەیشتە گوندی گەڵۆزی کە نزیکی شەش کیلۆ میترێک لە سەربیرەوە دوورە ، ئێمەی منداڵ ڕێمانەگرتە بەر بۆ ئەوێ ، بۆ دیتنی شەمەندۆفێرەکە یەکێک لە هاوڕێکانمان لەسەر ئەو بستووەی دەیڕوانییە خەتەکە ، ترساو لەگەڵمان نەهات وهەر لەوێ بە تەنیا مایەوە ، تا ئێمە چووین ولە دواییدا گەڕاینەوە لەگەڵمان هاتەوە بۆ ماڵ .
شەمەندۆفێرەکە فارگۆنێکی فلاتی لە پێشەوە بوو ، کەرەسەکانی سکەکەی لە بانبوو ، وەک لەوح وسکەو لەوحی ئاسن ومێخ .

کرێکارەکان سەر قاڵی کاری خۆیانبوون لە دانانی لەوحەدارەکان وسکەکان ولەیەکقایمکردنیان . ئێمەش هەر سەیری شەمەندۆفێرەکەماندەکرد واقی وڕ مابووین لە کاتی نیوەڕۆدا کرێکارەکان کۆجیلکەیان پێبوو خواردنێکی زەردی تێدا بوو ، دەیانخوارد ، ئێمەش وەختبوو کامبکەین . توومەس خواردنەکە مورەبابوو .
:: لە فەقییەتی ڕۆژانی هەینی وسێشەم پشوو بوو . بە شەوانی زستان گەنجەکانی گوندەکە ئەهاتن بۆ حوجرەی فەقێکان ودەمانکردە بەزم لە نوکتە بازی وشەڕە شیعر وگۆرانی ویاریکردن وەکو کلاوێن ودزوقازی وقڕوقەپ و کێبڕکێ هەر جارەی لەسەر بابەتێک .
هەندێ لەوانەی ئەهاتن بو حوجرە گۆزو مێوژودانەۆک وقەسپ وخورمایان دەهێنا کە ئەوانە شەو چەرەی ئەو سەردەمە بوون ، پێکەوە دەمانخواردن .بە ڕۆژیش هەندی جار دەچووینە دەرەوە بۆ یاری سێبازو یاری تر .
لە حوجرە شعری تاهیربەگی جاف وقانع ووەفایی وسافی هیرانی وموخلیصی وهتد بە ڕۆژی دە خوێندراوە لە لاین فەقێکانەوە . لە سەردەمی فەقێیەتیدا گیرفانمان لە پارە خاڵی ولە ئەسپێ وڕشک پڕ بوو ، بەڵام دەروونمان ئاسوودە بوو .

:: لە ساڵانێکی سەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیست ئێمە دەرگای حەوشەمان نەبوو .
کەرێکی زیرەکمان هەبوو ، لە گەلێ مرۆڤی گێل وگێژو وێژ بە ئاوەز تربوو . لە تەویلە دەمانبەستەوە بە گوریس ومێخزنجیر . کە ئاردمان دەهاتە کۆتا ، ئافرەتەکان دانەوێڵەی باراشیان ئامادە وبژار وتەتەڵە دەکرد ودەیانئاخنییە جواڵەوە ولە ناو حەوشە قیتیاندەکردەوە .
کەرەکە کە چاوی بە جواڵە قیتکراوەکە ئەکەوت دەیزانی بۆ بان پشتی ئەو ئامادە کراوە .
بۆ شەوەکەی ئەوەندە هەوڵیئەدا ، مێخزنجیرەکەی هەڵدەقەندو فیراری ئەکرد بۆ ئەو دەشتە .

ئێمەش بەیانییەکەی ئەگەڕاین بە شوێنیداو ئەماندۆزییەوە وبە لێدان دەکەوتینە وێزەی و ، دەمانهێنایەوە بۆ ماڵ وئەنجام بارەکە هەر ئەکرایە پشتی . ئەوەی بۆی دەمایەوە لێدانەکەبوو .

::لە سەربیر هەر کچێک بدرایە بە شوو لە گەڵ ئەوەش زۆر فەقێی تریش هەبوون لە ئاوایی ، کە دوانیان کوڕی خۆی یەکێکیتری خزمی بوو ، مامۆستا ملا عوبێد ملای سەربیر ئەینارد بە شوێنی مندا بۆ گفت لێوەرگرتنی لە کاتی مارە بڕینی ، ئەمجا زەلام وەرەو شەرم ومەکری کچ هەڵبگرە . کە لەگەڵ شایەدیکیتر ، ئەچووم بۆ لای بووکێ و لە خزمەتیادا ئەنیشتم وپێمئەوت لە گەڵ منا بڵێ (باوکم یا براکەم یاهەر کەسێکیتر بە گوێرەی حاڵەتی کۆمەڵایەتی ماڵی کچەکە) دەکەم بە وەکیلم مارەم ببڕێ

لە ٠٠٠٠٠٠٠٠٠٠«زاوا» تارادە یەک بە کوتو پچڕ بە شەرمەوە ئەیوت . بەڵام ختیلکەی دەهاتەوە . ئەمجا دوای کەمێک وەستان دوو بارەو زۆر جار زیاتریش . لە ئەنجاما گفتم لێی وەردەگرت بەڵام لە ئارەقە شەلال ئەبوو . (لەبەر نازیان بمرم) هەر بەچەشنی ژن مارە بڕین مامۆستا، کە ئەچوو بۆ سەردانی برادەرەکانی منی دەبرد لە گەڵ خۆی . هەر لەوشەرم مەکرەی کچانەوە ، روداوێکیتر مێشکمی بۆ لای خۆی راکێشا .

مامۆستا مەلاعبدولای مەلای گوندی گەڵۆزی کەمن فەقێبووم لە وێ گێڕایەوە :

وتی فەقێبووم لە گوندێک ، پیاوێک و بێوەژنێک بە ئاشکراو بەزانینی هەموو خەڵکی گوندەکە دڵخوازی یەکتریبوون . دوای ماوە یەک لە بگرەوبەردەو خوازبێنی بێوەژنەیان دا بە پیاوەکە (لەو سەنتەنەتە) کاتی مارە بڕینی ، من و فەقێیەکی تریان نارد بۆ گفت لێوەرگتنی ژنەکە .

کە چووین بۆ مەراسیمی گفت لێوەرگرتنەکە دەبینم مەکری (بۆوکێ) نەک چەشنی کچە شەرمنەکان ، بەڵکو لە سنوور بەدەرە . هەرچەند من بۆی دەڵێم ودەکۆشم ، ئەو قڕوقپ دەنگ ناکات و ، روو وەردەچەرخێنێ دەشزانم زۆری حەز لێیەتی و وەختە کامبکا بۆ زاوا . گرەوەکەم لێبردەوە ، بەوەی بە تەکان هەستام وبە هاوڕێکەم وت هەستە بابڕۆین . دیارە شووی پێناکات . ژنەی مەکرباز ئەویش هەستاو باوەشی پێماکردو ، وتی بە قوربانتبم مەڕۆ ئەمجارە دەیڵێم . منیش چیمئەوت ، ئەو وەک موو لە ماست دەربێنێ لە پێش منەوە دەیوت .

:: بەزستانان ئەو ڕۆژانەی باران وسەرماو سۆڵە نەبوایە ئێمەی منداڵ دەچووین بۆ جێخەرمانەکانی لای ڕێی شار و لای ڕێی قەرەسالم ، بە کۆمەڵ یان جیا جیا خانوچکەمان دروست دەکردو ، دەبووە ناکۆکێمان لە سەر جوانترینی . هەر یەکەو بەخانوچکەکەی خۆیا هەڵیدەدا . بەڵام قەت شەڕمان نە دەکرد لە سەری . ئەگەر کەر وبار بەبانیانا بڕۆیشتایەو تێکی بدایە دەگریاین وسەد جنێومان بە خاوەنەکانیاندەدا . بەڵام وەختی

نیوەڕۆیان کە برسیمان دەبوو ، هەر خۆمان بە شەق وپیلەقە دەکەوتینە ویزەیان وتەفرو تونامانئەکرد.

:: لە ماوەی فەقێیەتیم لە دەشت لەم گوندانە خوێندومە: دەرماناو سەرو، چیاچەرمک ، گەڵۆزی ، قادر باغر ، زەردک ، بیرەسپان خواری ، حەسار گەورە ، تۆمار .
لە شاری کەرکووکیش لەم مزگەوتانە خوێندومە : دانیال پێغەمبەر ، ئیبراهیم پاشا ، مەلا قاون عەلی بەگ ، ئیبراهیم بەگ ، مەلا داود ، تەکیەی شێخ جەواد ، هەر دوو مزگەوتەکەی تەپەی مەلا عەبدوڵا .

:: عەلی جومعانە کوڕە گەنجێکی نەخوێندەوار بوو ، بەرگی فەقێیانەی ئەپۆشی وبەڕواڵەت هەر لە فەقێ ئەچوو . پیشەی ئەوە بوو بەدرێژایی تەمەنی بە دێهاتەکانا دەگەڕا بە ناو (جومعانەی فەقێوە) سواڵی دەکرد . درۆشمێکی بەردەوامی لە زاردا بوو (ئەمن سائیلم مەسئول نیم) .
لە ئەنجامی ئەو سواڵ کردنە گیرفانی پڕ بوو . کە ئەهات بۆ کەرکووک زۆر جار ئەهاتە لای من ، کە ئەو ئەهات نانمان دەکەوەتە ڕۆنەوە . چونکە کەبابی بۆمان دەکڕی وشەوانی هەینی وسێشەمان ئەگەر بچوونایە بۆ سەردانی فەقێکانی مزگەوتەکانیتر عەرەبانەی بۆ ئەگرتین ، چونکە (پشتی پێیەوە نەئێشابوو) .

عەلی جومعانە بێخانە بوو ، واتە ماڵێکی نەبوو تیای بحەوێتەوە وەکو خەڵکانیتر .
بەدرێژایی تەمەنی لە حوجرەی فەقێ دەژیا چونکە تەنیا یەک برای هەبوو ، ئەویش فەقێبوو ، هەر لە حوجرە دەژیا ، بەڵام براکەی دوای ئەوەی خوێندنی تەواو کرد بوو بە مەلاو ، ژنی هێناو ماڵی پێکەوەنا .
عەلی جومعانەش هەتا مرد نە ژنێ هێناو نەفێری خوێنەواریشبوو .
شەوێک چووین بۆ سەردانی فەقێکانی مزگەوتی دانیال پێغەمبەر ، لە گەڕانەوەمان دیسان عەرەبانەی بۆ گرتین . هەر کەسوار بووین کەوتە (جڕت لێدان) بەدەنگی بەرزو بەعەربانچییەکەی دەوت باژۆ ، هەمووی فەقێ ومەلایە .

:: ئاخر کۆچ وکۆچباری فەقێیەتییەکەم بۆ حەویجە بوو. سیستەمی فەقێیەتی لە حەویجە جیاواز بوو لە هەموو جێگا کانیتر . لەوێ موستەعید وسوختە نە بوو . مامۆستا مەلا قادر حەفتەغاری لەوێ مەلا بوو ، مامۆستا خۆی دەرسی بە هەموو فەقێکان دەوت . فەقێی سەرتایی خوێندنیش لەوێ هەستی بەکەسی خۆی دەکرد ، چونکە لە مزگەوتەکانیتر ئەبوو

لای موستەعید بخوێنێ ورۆڵی کۆیلەتی ببینێ بۆی . شوورەیی نیە کە دەڵێم ڕۆڵی ژنی بۆ مێری ئەبینی (٠٠٠٠٠٠٠لێدەرچێ بەبیانووی
(من علمني حرفا قد جعلني عبدا ، وەهەر وەها( مِن خَدَمَ خُدِمَ) .

لە مزگەوتەکانیتر ئەبوو فەقێ زووتر ئیزن وەربگرێ ، موستەعید لە مەلاو سوختە لە موستەعید . لە لای مامۆستا مەلا قادر ئیزنی ناویست ، ئەگەر دەرفەت هەبوایە لەوێ دەیخوێند ، ئەگەر نا دەگەڕایەوە . چونکە راتبەی بژێویی فەقێکان مەحدوود بوو ، بەشی چوار کەسی زیاتر نە دەکرد . من کە چووم بۆ ئەوێ فەقێکانی هەموو برادەری خۆم بوون . دەسی مامۆستام ماچکردو ، وتم بۆ خوێندن هاتووم ، ناوی پرسی کە من وتم مەنسوور هەڵوەستەیەکی کردو ماوەیەک لێمڕاماو دوایی وتی بەخێربێی ، من خۆم بانگم کردی ، چونکە چەند شەوێ لەمەوپێش لە خەوما بانگی مەنسوور ناوێکم ئەکرد ونەشم دەناسی دیارە تۆ بووی ! .

مامۆستا زۆر بەتەنگی فەقێکانییەوە بوو ، بەجدی هەوڵی فێرکردنیانی ئەدا . جارێک خۆی نەخۆش کرد بۆ ئەوەی من فێری خوتبە خوێندنەوە بکات وشەرم نەکەم . جارێکیش تاقیکردنەوە یەکی بۆمان سازکرد کە لە هیج حوجرەیەکا ئەو جورە تاقیکردنەوەیە وجودی نەبوو . بۆ رەخنەگرتن لە دیاردەیەکی نامۆ لە لایەن بازە مەلایەکەوە کە خۆ هەڵکێشان وخۆ بە زلزانینی لە قەڵەم ئەدا ، مامۆستا ڕۆژێک کۆمەڵێ کتێبی لەسەر شکڵی ئەڵقە ریزکرد وخۆی چووە ناوەندیان ولەسەر زگ راکشاو قاچێکی لەسەر بەڕەکە درێژکرد وقاچەکەی تریشی چەشنی کلک لێکردو دەستی ئەبرد بۆ کتێبێک ودەیوت فڵان کەس وادەڵێ وفیسارە کەس وادەڵێ ، باوکی رەحمەتیشم وای دەوت منیش بەخۆم ئەوهای دەڵێم . ئەمجا راستەوە بوو ، وتی بڕیم بەڕیشی خۆت وباوکت وفڵان وفیساردا .
ڕۆژێک قاعیدەی شاز هێنرایە ئاراوە باسی شیعرێکی عەرەبی کرا کە گوایە پیاوێکی عەرەب شەوێکی درەنگ بەخەبەر هات لە خەو بینی کچە عازەبەکەی هەر بەخەبەرە و کە لەکی ئەمدیو ئەودیوە کا ،ئەویش لێیپرسی ڕۆڵە بۆ هەتا ئیستە نەخەو توویت ؟ .

کچەکەش ئەم بەیتە شیعرە ئەڵێ:
(یا ابتي ارقني القیذان   والنوم لاتؤلفه العینان)
شازەکە لە وشەی (العینانُ) ە بە (رفعە)ی نونەکە قاعیدەکە (العینانِ)یە بە (کەسرە) نونەکە ، چونکە (مثناي مذکر ) حاڵەتی بە (الف ونونە) ، نونەکەش حاڵەتی بە (کسرە)یە . بەڵام کچەکە لەبەر (قافیە) لە قاعیدە دەرچوو ، مامۆستا وتی ژنە عارەب لە (تاو٠٠٠٠٠٠٠٠) خەوی لێناکەو تووە لەسەر من کردوویانەتە قاعیدە .

شاز واته نامۆ ، بەڵام بەپێچەوانەوە لەم سەردەمەدا بە هەڵبژاردە دەڵێن شاز . منیش ئەڵێم ئەو شازەی ئەم سەردەمە (شازە)

:: لەو حەد وسەدەیا بوو کە ئێمە لە حەویجە ئەمانخوێند وەزارەتی مەعارف قەراری کردنەوەی (الدورة التربويه الخاصة لرجال الدين)ی ڕاگەیاندو دەریکرد . لە بەر ئەوەی بە هۆی بەرپابوونی شۆڕشی (١٤تەموز) کەشێکی پێشکەوتن هاتە ئاراوە بە تایبەت لە بارەی زانستی و ڕۆشنبیرییەوە .ئەوە بوو ، وەزارەتی مەعارف بیری لە چینی مەلا وفەقێکان کردەوە ، کە سوودیان لێببینێ ببنە (معلم) وبۆشاییەکی زۆر پڕبکەنەوە . لەوانەی کە لە تاقیکردنەوەکی وەزاری دەردەچن ، ئەمەی خوارەوە ناوە ڕۆکی قەرارەکەی وەزارەتی مەعاریفە : (قررت وزارة المعارف فتح دوره تربوية خاصه لرجال الدين ، ممن يجتازون امتحاناً خاصاً، و سيعامل هؤلاء معاملة خريجي الدراسة الاعدادية بعد تخرجهم في دورة تربوية سنة واحدة) .
نوسخەیەک لە قەرارەکە بۆ هەموو مزگەوتێکی عێراق ناردرا بوو . کە نوسخەیەک گەیشە مزگەوتەکەی حەویجە ، مامۆستا بۆمانی خوێندەوە ، بەڵام ئێمە هیچ لێی تێنەگەیشتین . چونکە زانیاریمان لە چوار چێوەی ناوە ڕۆکی ئەو کتیبانەی کە مەنهەجی خوێندنی حوجرە بوو ، تێپەڕی نە دەکرد . ئەمجا مامۆستا خۆی تێمانی گەیاند کە دەبنە معلم ( دوای ناجیح بوون لە ئیمتیحانێکی بە کالۆری ) . ئێمە بڕوامان بە زانیاری خۆمان نەبوو لەم بارەوە لە خۆمان ڕانادیت . بەڵام مامۆستا هانیداین وبەزۆر ناردمانی بۆ کەرکووک و وتی دەبچن وبزانن فەقێەکانیتر چی ئەکەن . ئێمەش ڕۆیشتین ولەوێ مەسەلەکەمان بۆ ڕوونبووەوە . ئیتر کەوتینە هەڵپەو سەعی وکۆشش .
:: بە ڕاگەیاندنی (دورە)کە ئەو فەقێ ومەلایانەی کە مەبەستیان بەشداری کردنبوو لێێ هەموو گرنگییەکەیان لەو چوار چێوەیە گوشی .
هەمووومان لە هەوڵی ئەوەدابووین . خوێندنی ئاسایی زۆر بەکەمی وجودیما بەڵام لەگەڵ ڕاگەیاندنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکە باری پێچایەوە وبۆ هەتا هەتا ماڵ ئاوایی کردو ، خوێندنی حوجرە بنبڕ بوو .
هەر بەبەر یەکا دەهاتین ودەچووین . پرسیارمان لە یەکتری دەکرد لەبارەی چۆنیەتی ناوەڕۆکی تاقیکردنەوەکە . ئێمە سەر قاڵی خۆ ئامادە کردن بووین ، لە (٢٣/٥/١٩٥٩) ڕۆژ وجێگەی تاقیکردنەوەکە لە ڕۆژنامە ڕاگەێیندرا ، لە (١/٧/١٩٥٩) لە بەغدا ونەجەف وهەولێر ، وەزارەتی معارف داوای لەوانەکرد کە ئەیانەوێ بەشداربن با لە یەکێک لەو سێ جێگەیە داوا پێشکەش بکەن .
ئێمە داوامان بۆ معارفی هەولێر پێشکەش کردو ، لەو ڕۆژە بەدواوە تین وتەوژمێکی چالاکانەمان کردە درۆشم وماندو نەناسی . (ئاخر مەسیری داهاتوومانی پێوەگرێدرابوو) برادەرێکم لەو حەدوسەدەیا (محمدکەریم) لە عەسکەری (تسریح) ببوو ، بینیم وپێموت

تۆش داوا پێشکەشبکە ، ئەو وتی من دوو ساڵە لە خوێندن دابڕام، ئێستە چیم لەبیر ماوە . من هانێمداو بەدەستی خۆم داوام بۆی نووسی ودامە یەکێک کە ئەچوو داوا بۆ خۆی پێشکەشبکات .
لە ڕۆژی (٣٠/٦) هەموومان لە ڕێی هەولێرمان گرتە بەر ، لەو قوتابخانەیەی تەرخانکرا بوو بۆ جێگەی تاقیکردنەوەکە ، ناوی خۆمان وڕەقەمی تاقیکردنەوەکەی خۆمان دۆزییەوە . (ڕەقەمی تاقیکردنەوەکەی من ٥١١) بوو.
بەیانی ١/٧ لە کاتژمیری (٨) هەموو لەسەر کورسی دیاری کراوی خۆمان دانیشتین . ئەندامانی لێژنەی تاقیکردنەوەکە هاتن وبەرپرسەکەیان لە باتی ئەوەی هانمانبدا کە ئێمە ئەزموونی تاقیکردنەوەی لەوە پیشێوەمان نەبوو ، و ورەمان پێببەخشێت ، کەچی بەهەڵوێستێکی نا مەسئولانە ، بەهەڕەشەوە پێیڕاگەیاندین کە هەر کەسێک وەرەقەی پرسیارەکانی درا دەست ئاوڕ بداتەوە ، یان کرکەیەک لەدەمی دەربچێت دەری دەکەمە دەرەوە . ملی خۆتان شۆڕبکەنەوە بان پرسیارەکان وچی ئەزانن وەڵام بدەنەوە . من بە ڕاستی بەو هەڵوێستەی ورەم دابەزی . (قەت گەردنی ئازاد نەبێ) .
من یەکەم جار کە پرسیارەکانم خوێندەوە لە ناجیح بوون نا ئومێد بووم ، بەڵام دوای چەند چرکەیەک پێیانا چومەوە ، دووبارە وسێبارە خوێندیانمەوە ئەمجا لە خۆم رابینی کە شتێکیان لێ هەڵئەکڕێنم و ناوی خوام لێهێنا .

بە گۆیرەی دەرەجەکانی سەرپرسیارەکان بەبیرو بۆ چوونی خۆم شایستەی (٤٧) دەرجە بووم کەدەرەجەیەکی (حرجە) و ئەگەر ناجیح بوون وناجیح نەبوون هەڵدەگرێ .
نەمئەزانی بەلای کام حاڵەتیاندا دایشکێنم . لەو ساتەوە لە هۆڵی تاقیکردنەوەکە هاتمە دەرێ هەتا ئەو چرکە ساتەی مستەفای برام مزگێنی ناجیح بوونمی پێدام هەموو بیر وئەندێشم هەر لە دەوری ئەنجامەکەی ئەخولایەوە(ئاخر ئەنجامەکەی مان ونەمان بوو) بە پێوەری خۆم .
هەموو ڕۆژێک ڕۆژی خوایە لەبان جەنجەڕ بووم گێرەم دەکرد مستەفا لە ناو ئاوییەوە هاتەوە بەرەو خەرمان ، کە گەیشتە ئاستم بە زەردەخەنەوە ئەوە بوو ، وتی ئەڵێن ٠٠٠٠٠٠٠ (ناجیح بوویت) !.

ئای گۆران وهێمن لە کوێ بوون بە شیعرە ناسکە کوردییەکەتان ومستەفا لوتفی مەنفەلوتی بە ئینشاء عەرەبییەکەی وقسی کوڕی ساعیدە وسەحبان الوائیلی بە وتارە ڕەوانبێژییەکەیان هەستێ ئەو خۆش وشادییەم دەربڕن لە بان جەنجەڕ ەکەوە خۆم هەڵدایە خوارەوە وبەرەو ماڵ کشام نا بۆ ئەوەی بەرگی ئیش داکەنم وبەرگی ئاسایی لەبەر بکەم ، چونکە لەو بەرگەی لە بەرم بوو زیاترم نەبوو . بەڵکو بۆ ئەوە چووم کە (١٥٠)فلس یا(٢٠٠) فلس هەڵگرم بۆ کرێی ئۆتۆمبیل لە جادەکەوە بۆ کەرکووک و هاتنەوەم .

له كۆتایی كەر كێشی بیرەگەورە تووشی (٤) ژنی ئاوایی هاتم ، كە بەئاڕاستەی من ئەڕۆیشتن یەكێكیان وتی ڕۆڵە ئەڵین ناجیح بوونە (من لە دڵی خۆمەوە وتم ئەوە پیرێژنیش ئەزانێ كەچی من خۆم بێخەبەرم) وتم ئێستە مستەفا پێیوتم وجێمهێشتن (بەرەو خەبەری یەقین) كە گەیشتمە كەركووك فەقێیەكم بینی پرسیاری شوێنی كۆبوونەوەی فەقێیەكانم لێیكرد ، وەڵامی دامەوە كە لە مزگەوتەكەی مامۆستا مەلا عەزیزی شیلەخانی كوتام بۆ ئەوێ لە بەر دەرگای حوجرەی فەقێكان من ئەڵێم (٢٠) تۆ بڵێ (٣٠)و پتریش ، كە هێشتا تەواو پێم نە چوو بووە ژوورەوە هەموو بە یەك دەنگ موژدەی ناجیحبوونیان پێڕاگەیاندم . یەكێك لەوانەی كە لە حوجرەكە بوون وتی ناوی ناجیحەكان لە دیواری معارفی هەولێر هەڵواسرا بوو ، ناوی تۆم دی (٥٠)دەرەجەت سەندووە . ئەوەی شایستەی باسكردنە ئەو برادەرەم كە بە هاندانی من ودوو دڵیەوە چوو بۆ تاقیكردنەوەكە (٦٤) دەرەجەی سەند . واتە (١٤) دەرەجە زیاتر لە دەرەجەكانی من . هاوكات بە ڕاگەیاندن وبڵاوكردنەوەی

:: لە ئەنجامی تاقیكردنەوەكە كەوتینە بەر تانەو تەشەری زۆر كەس ، بەتایبەت ئەوانەی ناجیح نەبوو بوون و ، ئەوانەی ئیرەیان پێماندەبردو ئەوانەی بەشدار بوون . ئەوەباسی بازێك لە كۆلكە مەلا وچەند مەلاو شێخانیتر هەر مەكە چونكە ئەیانوت سەر ڕوتكردن مەكرووهەو لە پێكردنی (دوو لنگانە) حەرامە مەبەستیان پانتۆڵ بوو ، نوێژیش پێوەی جایزنیە . یەكێك گێڕایەوە كە مەلا یەكی پیر وتی هەر كەسێك دەس بەبان تەوالێتەكەی سەریا بێنێ وەك ئەوەیە (٣٣) جار دەس بەبان (بەری) دایكیا بێنێ . (لەم موعادەلە بیركاریە) ! ئاخر بە لای ئەوانەوە (پەرسیلە ترشە.) !

:: بۆ قبوڵبوون لە دەورەكە ئەبوو موالیدی قوتابی لە (١٩٤٠)و بەرەو خواربێ من لە جنسیە موالیدی (١٩٤٢)بووم . بە مام محیدین سۆفیم وت كە فەڕاشی حاكم بوو . ئەویش قسەیەكی چرپاندە بنگوێ حاكمەو ئەو وتی بۆ چی موالیدت گەورە دەكەیەوە ؟ منیش وتم قوربان ناجیح بووم بۆ معلمی بەجنسیە(١٩٤٢)م و ئەبێ لە (١٩٤٠) زیاتر نەبێ . وتی ئەیكەینە (١٩٣٨) باشترە .
ئەمجا حاكمەكە وتی سبەی دوو ئەختیاری گوندەكەت لەگەڵ خۆت بێنە .
بۆ ڕۆژی دوایی دوو ئەختیارم برد . پەنجە مۆریانكردو . موالیدم بووە (١٩٣٨) .

:: ئێمە لە سەربیر (٥) كەس بووین كە لە تاقیكردنەوەی قبووڵەكە ناجیحبوو بووین ، سیانمان هاو تەمەن بووین ، منو مامۆستا حوسین ومامۆستا عبداللە پێكەوە كەوتینە هەوڵی موعامەلەی دەركردنی (ڕەگەز نامەی عێراقی) كە پێویستبوو هەمانبێ . كەوتینە بەر

بۆسەی پۆلیسەکانی پردێ زەینەڵ وبەهائەدین ، بە خۆیان و تڕو تەشقەڵەیان . جارێ ئەیانوت دەسەیەک کاغەزمان بۆ بێنن ، دەم چەورکردنەکەش سەربار بوو . جار واهەبوو بە ئەنقەست کێتابی غەڵتیان دەنووسی بۆ ئەوەی دیسان موراجەعەیان بکەینەوە ولێمان بخۆن . خۆ موختاریش بازە جارێ دەیوت ئەوەندە پەلە پەلتان لێمکرد نەتانهێشت نانەکەی بەیانیم بە ئیسراحەت بخۆم ، ئەویش سەرباری کەبابەکەی زەینەڵ وبەهائەدین بوو .
دوای وەرە وبڕۆیەکی زۆر ڕەگەز نامەی عێراقیمان بە دەستهێنا بەڵام شل وکوتیانکردین .

دەورەکە لە مانگی (١١)واتا (تشرين الثاني ) کرایەوە ، لە بینای (ثانوية المصلى للبنين) بوو لە کەرکووک . خوێندنەکەی بە زمانی عەرەبی بوو . من ئەنجامی دەرچوونم لە دەورەکە (٧٥،٣) حەفتاو پێنج وپۆیینت سێ بوو . لە خوێندنی دەورەکە کە دەوامی ئێوارە بوو لە نیوە ساڵ بە دواوە چەند جار ئەمانیان برد بۆ موشاهەدە بۆ ئەوەی فێری دەرس وتنەوە بین ، دوای چەند موشاهەدە یەک بردمانیان بۆ دەرس وتنەوە .
بۆ یەکەم جار چوومە لای تەختە ڕەشەکە بۆ دەرس وتنەوە ولەگەڵ قوتابییەکانا دوام .
(ئای لەو شادمانیە وخۆشییە کە قوتابییەکان بۆ یەکەم جار لە ژیانمدا پێمیانوت مامۆستا مامۆستا ) وپەنجەیان بۆم بەرز ئەکردەوە .
ئەو ساڵە قوتابی خانەی مامۆستایان و پەیمانگەو ئێمە وەهی تریش زۆر بووین بۆ (تطبيق) زۆربەمانێان ناردە قوتابخانەی دێهاتەکان چونکە قوتابخانەکانی شار بەشی هەموومانی نە دەکرد . منیان ناردە گوندی پاپیلان کە سەر بە ناحییەی شوانە .

:: لە کاتی دەورەکەدا بەشی کوردی لە ڕادیۆی قاهیرەی میسر کێبڕکێیەکی سازکرد : وەسفی یەکێک لەم شارە کوردیانە بکە ، لە کوردستانی تورکیا ( دیاربکر) . لە کوردستانی عێراق (سلێمانی) . لە کوردستانی ئێران (سنە) .
من بەشداریم کرد لێی ، وەسفی شاری سلێمانیم نووسی (بەبێ ئەوەی بیبینم ) . لە ڕۆژ وکاتی دیاریکراو بۆ ڕاگەیاندنی ئەنجامی کێبڕکێکە بە دیار ڕادیۆکەمەوە لە چاوەڕوانیدا بووم . پەخشەری ڕادیۆکە براوەی یەکەمی دەستنیشانکرد . دوایی وتی خەڵاتی دووەم بەخشرا بە مەنسوور غەفوور لە کەرکووک لە کوردستانی عێراق هێندە دڵخۆشبووم ، بۆم ناکرێ دەریبڕم . سەد سوێندو قورئانت ئەخوارد کە پەپوولەم و بەناو گوڵ وگوڵزارا ئەفڕم .
خەڵاتێکیان بۆ ناردم کە (دەفرێکی) دارینبوو ، ناوەکەی بە مادەی ( فسێفساء ڕەنگین کرا بوو ) . بە داخەوە بەدەس منداڵە برازاکانمەوە شکا .
لە پشووی نیوە ساڵی (١٩٥٩– ١٩٦٠) کە لە دەورەکە بووین پاش نیوەڕۆیەک لە بان سەکۆی مزگەوتەکەی سەربیر دانیشتبووین چەند ئۆتۆمبیلێکی بووک گواستنەوە دەرکەوتن کە بووکێکیان ئەگواستەوە لە گوندی دەرماناوەوە بۆ گوندی شۆڕاو . لە بەر چاومان

یەکێک لە ئۆتۆمبیلەکان کەوتە ناو کۆندرێکەوە کە ئاو دایدرپیبوو لە قەراغ رێیەکە ، کە دیتمان یەکسەر هەموو ئەوانەی کە لە بان سەکۆکە بووین بەڕاکردن بەرەو شوێنەکە چووین . هەتا ئێمە گەیشتین بەداخەوە شوفێری ئۆتۆمبیلەکە گیانی لە دەسدابوو ، چونکە سوکانی ئۆتۆمبیلەکە لە سینگی دابوو ، بریندارێش هەبوو . خۆشبەختانە بریندارەکان هیچیان پێی نەمردن .

:: بۆ تەعین بوون دەبێ فەرمانبەر شەهادەی (عدم المحكومية) بە دەسبێنێ . پێمانیان ڕاگەیاند کە موعامەلەی شەهادەی عەم المحكومية بکەین . ڕۆژێکیان دەسنیشانکرد بۆی . هەمووومان دوای پەنجە مۆر هەرکەسەو فایلەکەیان دایە دەستی خۆی ببیا بۆ بەغدا لە نێوان خۆمان کاتژمێری (٢)ی پاشنێوەڕۆمان دانا بۆ ئامادە بوون لە گەراجی بەغدا ، بەڵکو هەمووومان پێکەوە بڕۆین .
لە کاتی دیاریکراودا هەمووومان سواری پاسبووین بەرەو بەغدا . لە دەور وبەری ناوچەی جەلەولا پاسەکە کەوتە پرتەپرت و شوفێرەکە دابەزی پێیڕاگەیاندین پاسەکە سەقەتبوو ، چیدی توانای ڕێکردنی نیە . ئێمەش ناچار دابەزین . هاوکات لەگەڵ دابەزینمان شەمەندۆفێرەکەی کەرکووک ـــ بەغدا بە دەرکەوت بەرەو بەغدا ، ئێمەش هەمووومان بە فایل ڕاوەشاندنی دەسمانەوە بەرەو سکەکە ڕامانکرد. کە شوفێری شەمەندۆفێرەکە دیتمانی یەکسەر وەستاندی و ئێمەش هەموو سوار بووین .ڕۆژی دوایی موعامەلەکانمان لە بنکەی پۆلیس پێشکەشکرد وچاوەڕێبووین بۆ وەرگرتنی شەهادەی (عدم المحكوميه) . پۆلیسێک هاتە ناومان وبانگی یەکێکی کرد وپێیوت تۆ مانگێک حوکم دراوی پێشتر . بچۆ وەزارەتی العدل .

عەریزە یەک بنووسە ، عەفووت دەکەن و وەرەوە بۆ ئێرە ، ئەجا شەهادەی عدم المحكوميەت دەدەینێ .
ئەویش چوو ، ئێمەش هێشتا لەوێ مابووین گەڕایەوە وە وەک ئێمە شەهادەکەی وەرگرت .

:: دەرچووانی ئاخیر قۆناغەکانی خوێندن (تعين) بوون هەر ئێمەی دەرچووانی (الدورة التربوية لرجال الدين ) ماینەوە . لەو ماوەیەدا بەرنامەیەک لە ڕادیۆی بەغدا پەخشدەکرا بە ناونیشانی (انت تسأل ونحن نجيب) ، مامۆستا محمد عوبید یەکێک بوو لە دەرچووەکانی دەورەکە هۆی تەعیین نەبوونمانی لە ڕادیۆکە پرسی بە تەلەفۆنی گشتی . ئەوانیش دوای بە دواداچوون ، هەر لە ڕادیۆکەوە وەڵامی پرسیارەکەیان دایەوە : کە دوای بە دوادا چوونی پرسیارەکەت لە وەزارەتی المعارف پێمانیان ڕاگەیاند کە ( قانون الخدمة المدنية)ی پەیڕەو ئەکرێت

لەو قانوونە بڕگەیەک نیە پشتپێببەسترێت بۆ تەعیین کردنی ئەو (خریجانە) . ئێستە (مجلس الوزراء بصدد تعديل هذا القانون) . کە تعديل کرا ئەوانیش تەعیین ئەبن . لە پاشان قانونەکە تعديل کرا بە (قانون الخدمة المدنية رقم (٢٤) لسنة (١٩٦٠) ) .
ناوەڕۆکی ئەڵی (اسباب الموجبە) : وەزارة المعارف دەورەیەکی تربوی کردەوە بۆ رجال الدين . ئەم قانوونەی ئێستە بڕگەیەکی تیانیە شموولی تەعینی خریجانی ئەو دەورەیە بکات ( لهذا صدر هذا القانون برقم (٢٤) لسنة ١٩٦٠) .لە (٢٧/١١/١٩٦٠) تەعیین بووین لە معارفی کەرکووک .

:: آمر إداری : (١٤٩٧٥) ـــ(٢٧/١١/١٩٦٠) بەڕاتبی(١٨) دینار . لە (٩/٢/١٩٦٢) تعديل کرا بو (٢٠) دینار .
من تەعێینەکەم لە قوتابخانەی (زند بنعز) بوو. لە گوندی حەوتەغار .
:: لە گەڵ مامۆستا حوسیندا لە نەورۆزی (٢٦٦١)ی کوردی بەرامبەر (١٩٦١)ی عیسایی چووین بۆ سلێمانی من یەکەم جار بوو سلێمانی ببینم . ئێوارە ڕۆیشتین بۆ بارەگای (پارتی دیموکراتی کوردستان )کە مۆڵەتی رەسمی هەبوو . پاش ماوەیەک لە دانیشتنمان ، دیمان پیاوێکی کەڵەگەت بە کەواوسەڵتەوە ومشکی وجەمەدانی تێکەڵەوە هاتە بارەگاو ئامادەبوان هەر هەموویان لەبەری هەڵسان و ، بە مامۆستا قانع پێشوازیان لێکردو ، بەرەو ژووریانبرد .
بە بیستنی (مامۆستا قانع) ڕەنگە (٤)کیلۆ گرام زیادم کردبێت ، لەبەر ئەوە زۆرم پێخۆشبوو کە دیم .
من ئەسا وئێستەیش زۆر موعجەبم بە هەڵوێستەکانی ونیشتمان پەروەری وشیعرەکانی وزۆر لە شیعرەکانیم لەبەرە . دیوانەکەی لەبەردستمدایە ،بەینە بەینە هەندێکیان لێدەخوێنمەوە .
هەر وەکوو یەکەم جار بوو کە بینیم ، بە کەسەرەوە ئاخیر جاریشبوو . لە (٧/٥/١٩٦٥) کۆچی دوایی کرد ، گۆڕەکەی پڕ لە نوور بێ .
هەر لە بارەی مامۆستا قانعەوە :
مامۆستا ئەحمەد قەرەوەیسی گێڕایەوە و وتی ئەوکاتەی کە فەقێیبووم ئێوارە هەینیەک لەنێوخۆمان پارەمان کۆکردەوە و، کەبابمانکڕی . کاتێکمان زانی مامۆستا قانع خۆێکرد بە ژوورا ، سەیرمانکرد ئەبینین تەنیا یەک شیش کەباب ماوە لەسەر خوانەکە . بە سوختەیەکمانوت بچێ نەفەرێ کەباب بکڕێ . بەڵام مامۆستا نەیهێشت بچێ و ، وتی ئەو شیشە بەسمە .هەرچەند ئێمە سوور بووین لەسەر کڕینی کەباب ، ئەو بەوە قەناعەتی پێهێنایین کەوتی (ئەی من بۆچی قانعم) .

:: له (٢٩/١١/١٩٦٠) له قوتابخانەی (زندبنعز) موباشەرەمكرد .لەماوەی ئەو ساڵی خوێندنەدا زۆر بە ئاسایی تێمپەڕاند. هیچ قورتێک نەهاتە رێم کە شایستەی باسکردنبێت .
لەگەڵ دەسپێکردنی دەوامی قوتابخانە لە ساڵی خوێندنی (١٩٦١–١٩٦٢) شۆڕشی ئەیلول بەر ابوو لە (١١/٩/١٩٦١). لە دوای دوو مانگ نە ڕۆژێک زیاد نەکەم ، واتە لە (١١/١١/١٩٦١) سێ مامۆستا لە قوتابخانەکەمان (من و خورشید محمد ساڵح وحەمید حاجی ڕەشید الزندی ) نقڵ کراین بۆ دیوانیە بە ئەمری وەزیری معارف ژمارە (٧٤١٢٥) لە (١١/١١/١٩٦١) لەسەر داوای ( حاكم عسكری عام )ژمارە (٣٢٢٤) لە (١١/١٠/١٩٦١)
لە (٢٥/١١/١٩٦١) ئینفیکاکم کرد لە معارفی کەرکووک .

:: لە معارفی دیوانیە لە (٢/١٢/١٩٦١) تەعیین کرام لە قوتابخانەی (الرحمە) کەسەر بە قەزای (سەماوە)بوو. ( ئەو کاتە سەماوە قەزایەک بوو لە دیوانیە) .
لەو ساڵەدا تووشی (٢)گێچەڵبووم و ، هەر دووکیان بە ئاسانی تێپەڕ بوون :
یەکەم لە کاتێ لەناو پۆلا بووم ، دەرسم ئەوتەوە قائیمقامی سەماوە هاتە ژوورەوە کە دوام لەگەڵی ، زانی کوردم ، هەڵوێستێکی ناشیاوی لەگەڵم نواند کە وتی (انت شیوعی لو پارتی) منیش وتم (لا شیوعی ولا پارتی) کەواموت ئەو وتی (لعد شجابک لهنا) منیش وتم (تهمە ملفقە)
ئەویش زیاتر لەسەری نەڕۆیشت پاش کەمێک زەنگەکە لێدرا ، ئەویش دەرچووە دەرەوە .
دووەم : شەوێک دانیشتبووین لە ژۆرەکەمان ، مامۆستا یەک کە لە قوتابخانە لەگەڵمان بوو جنێوێکی بە مەلا مستەفادا . منیش نەمکردە نامەردی لە ( عبدالكريم قاسم )ەوە بگرە هەتا زۆرێک لە سەرکردە عەرەبەکانم کوتاوە . دیار بوو پەشیمان بووە وە وتی (استاذ) خۆ من لەگەڵ تۆم نەبوو ، (لیش زعلت ) منیش وتم (من لێرەم ) ، تۆش دەزانی کە من نەقڵ کراوم بۆ ئێرە بە ئەمری (حاكم عسكری عام) لەسەر ئەو شۆڕشەیە مەلا مستەفا سەرکردەیەتی . واتە جنێوەکەت من دەگرێتەوە.
ئیتر هەر ئەوەندە بوو ، هەستا ودەستی لە ملمکرد وئاشتیکردمەوە ، منیش هیچ لە دڵم نەما .
:: بەڕیوەبەری قەتابخانەکە پێی وتم بەخەڵکی گوندەکەم وت کە (مجلس الاباء والمعلمين) ئوسوول وایە (٢)کەس لەخەڵکی گوندەکەو (٢)لە مامۆستاکان بنووسم بینێرم بۆ معارف ئەو مجلسە هیچ دەورێکی نیە جگە لە نووسین لەسەر کاغەز .
ئەوانیش پێیانوتم استاذ(لاتكتب الكردی والسنی ) « مامۆستایەکی عەرەبی سونیمان لەگەڵدا بوو».

:: لە دەور وبەری نەورۆزی (١٩٦٢) وارێکەوت (٢)ڕۆژ پشوو لەگەڵ هەینی وڕۆژێک دەوام . حکومەت ڕۆژە دەوامەکەشی کردە پشوو .
بۆ منی بێ هاوڕێ (٤) ڕۆژ بێئیشی قورس و جێی بێزاریبوو . نە بەخەو بە بە پیاسە تەواو نەدەبوو ، خواو راستان فکرێک دای لەسەرم بچم بۆ بەسرە .
سەرێ لە محمدی ئامۆزام بدەم کە سەرباز بوو لە شوعیبە ، وبێزارێیەکەم نەییلم و ، ناسریە وبەسرەش ببینم .
سواری پاسەدارنە بووم . یەکەم وێستگەی ڕاوەستانی پاسەکە ناسریە بوو . لە ماوەی ژیانم شاری پۆخڵ وبۆن بۆگەنیم وەک ئەو سای ناسریەم نەدیوە .
کە چووم بۆ سەردانی محمد ئەبینم لە مۆڵەتەو چۆتەوە بۆ کەرکووک . دوو ڕۆژو دوو شەو لە بەسرە مامەوە . دوایی بەسواری شەمەندۆفێر گەڕامەوە بۆ سەماوە . ئەو منداڵانەی کە نزیک سکەکە یارێیان دەکرد دەستیان بۆ نەفەرەکانی ناو شەمەندۆفێرەکە ڕادەوەشاند ودەیان وت (سلمنا علشمال ) .

:؛ لە سەرەتای دووم ساڵم لە دیوانیە کە هەر لە قوتابخانەی (الرحمە) بووم ، هەموو مامۆستاکانی نەقڵ بوون . من ومامۆستا سلمان  ماینەوە لەوێ ، من خزمەتم دوو ساڵ بوو مامۆستا سلمانیش خزمەتی یەک ساڵ بوو ،ئەو سەردەمە ئوسوڵ وا بوو کە مدیر نەقڵ بوایە ئەو ماموستایەی خزمەتی لەوەکانێتر زۆرتر بوایە ، یان بەرێککەوتن لە نێوان مامۆستاکاندا دەبوو بەمدیر .
ئەو مامۆستایەی لەگەڵ من مابووە وە، هەر خۆی لەگەڵ بوونە مدیر نەبو، چونکە بەسروشت دوو ئارەزووی هەبوو ، گۆی ڕاگرتن لە گۆرانی فەیرووز وخوێندنەوە.
بەردەوام بەدەم خوێندنەوەی کتێبەوە میلی ڕادیۆ بچووکەکەی دەگێڕا بە وێستکە ڕادیۆکانی عەرەبیدا، بەدوای گۆرانی فەیرووزدا دەگەڕا .
مدیرە نەقڵ بووەکە پێیوتم استاذ دەڵێی چی ئیدارەی قوتابخانەکە تەسلیم بە تووبکەم . منیش بیرێکم کردەوەو ، لێکیم  دایەوە کە لێرە من هەم کوردم وسونیشم . دیارەئەگەر بوومە مدیر تەقدیرێکم دەبێ لە ناو دانیشتوانی گوندەکە ، وتم (یاألله) . دەورو تەسلیم مان کرد .

:: کوڕ بوو بە (مدیر مدرسە) . کێ نازی هەڵئەگرێ مدیر مدرسەی ئەو سەردەمە دەسەڵاتی لە هی گاوانی کوێرە دێیەک زیاتر نەبوو.
ئەو جا بەخۆم کەوتم . چووم بۆ معارف بۆ ناردنی مامۆستا بۆ قوتابخانەکەم . دوو کەس پرسیاری قوتابخانەیەکی مولائیمیان لێکردم ، پێم وتن من مدیری قوتابخانەیەکم لە گوندێکی سەر بە قەزای سەماوە ، لە دوای مامۆستا هاتووم . لە ئاخافتنم زانییان کوردم ، وتیان ئێمەش کوردین ، خەڵکی (کوت) ین . دێین بۆ لای تۆ لەهەر شوێنێکبی . خۆیان پێم ناساند عبدالرحیم بهار علی وخلیل ابراهیم محمد . بە جێگری مدیر معارفم وت ،

ڕازی نە بوو ، وتی دوێنێ (٣) کەسم بۆ تان ناردووە، منیش وتم هێشتا پێویستیمان بە دووانی تر هەیە . کە قسەکەمان یەکتر گیر نەبوو چووم بۆ لای مدیر ، ئەویش بە جێگرەکەی وت (عینهم عنده) « لەوسەرکەوتنەم »لەسەماوە ئوتێلەکەم نیشاندان و ، وتم بڕۆن پێداویستیتان بێنن و ڕۆژی هەینی لێرە ئامادەبن . موباشەرەیانم نووسی وناردم بۆ معارف ،

ڕۆژی دوایی برقێیەیەکم بۆ هات دەڵێ (یرجی ارسال المعلمین عبدالرحیم بهار علی وخلیل ابراهیم محمد الی دیوان المدیریه) لەم (موقیفه حرجه) ! . نە ئەدرەسیانم وەرگرت نە ڕەقم تەلوفۆنێک ، بەرقێیەش واتای پەلەیە هەر چەندە بێ ئەزموونیش بووم بێچاوییم بە ( لێهاتویی) ، خۆم لەو ( موقیفه حرجه ) ڕزگار کرد ! برقێیەکەم لە ( وارده) تەسجیل نەکرد .

ڕۆژی هەینی کە مامۆستاکان گەڕانەوە ، ناردیانم بۆ معارف و ، لەگەڵ وەڵامی برقێیەکە بە کێتابی رەسمی : (الی مدیریة معارف الدیوانیه .

م/ ارسال معلمین

اشارة الی برقیتکم المرقمه ........ والمؤرخه ........ التی وصلتنا فی یوم الخمیس بعد الظهر نرسل الیکم المعلمین عبدالرحیم بهار علی وخلیل ابراهیم محمد . یرجی علمکم) .

وەپێیانم وت ئەگەر پرسیاریان لێکردن بۆ درەنگ هاتن بڵێن پاش وەرگرتنی ئەمری تعێینەکەمان چووین بۆ قوتابخانەکە . ڕۆژی پێنجشەم دوای دەوام دابەزین بۆ سەماوە و ، برقێیەکەمان وەرگرت.

دوای نێوەڕو خلیل هاتەوە و وتی عبدالرحیمیان گێڕایەوە بۆ (کوت )، ومنیان هێشتەوە . کەسیش پرسیاری دوا کەوتنمانی نەکرد .

:: جگە لە مامۆستا خەلیل (سێ) مامۆستای تریان تەعێین کرد بوو ڕۆژی پێشوو مسعود عبدالکاظم ومحمد موسی وعلاوی عباس بە هەموو بوینە (٦) مامۆستاو ، بۆ ماوەی دوو ساڵی ڕەبەق پێکەوە بووین نەکەسمان لێ نەقڵ بوو ، نەکەسیش نەقڵ بوو بۆ لامان .لە ماوەی ئەو دوو ساڵە ئەوەندە پێکەوە تەبا بووین ئەتوت لەگەڵ هاوڕێکانی سەربیر مین کە لە منداڵییەوە پێکەوەین هەتا ئێستە دەگونجاین .

بەدرێژایی هەموو ئەو (٢٧) ساڵەی مامۆستاییم وەکو شانەیەکبووین و بەچەشنی ئەندامانی یەک خێزان ڕەفتارماندەکردو ، تا بڵێی خۆشەویستی یەک دی بوون . عەرەب واتەنی (کانت الایام الخوالی) .

دوای چەند ڕۆژێک لە پێکەوە ژیانمان و شارەزا بوونمان لە هەڵسوکەوتی یەکتر

مامۆستا مەسعوود وتی ئەو ڕۆژەی تەعێین بووین عەسرەکەی من ومحمد چووین بۆ چایخانەو هەر کەسەو مەدرەسەکەی خۆی وت ، من وتم من ومحمد لە مەدرەسەی (الرحمه) تەعێین بووین کە لە قەزای سەماوەیە یەکێک دیار بوو مامۆستایە وتی ئەوە

مدیرەکەی لە جەماعەتەکەی ئێمەیە کە لە کەرکووکەوە نەقڵ بووینەو لە دەورەی (رجال الدینه ).
ئەو کەوای وت من هەر دوو دەسمم ماڵی بەسەر خۆمداو ، وتم (اویلک مسعود شلون تگدر تعیش ویامدیر سنی وکوردی ومن رجال الدین ) ئەمجا وتی ( رجال الدین من عندنا هوایە معقدین ، شمدرینی انت )
ئەو ڕۆژانە هەر لە گوندەکە دەماینەوە ولە خانووی قوتابخانەکە دەنوستین .
ڕۆژێک بە مامۆستاکانموت دەبا بچین بۆ دیوەخانی گوندەکە ، لەگەڵ ئەختیارەکانا یەکتری بناسین وفینجانێ قاوەش لەگەڵیان بخۆینەوە . ئەمە یەکەم جارە مامۆستا دەچێتە لایان .
زۆر بەلایانەوە سەیر بوو . لەو ڕۆژە بەدواوە جار جارە دەچووین بۆ دیوەخانەکە . لەو بارو زرووفەدا گەنجەکانیان دەچوون بۆ (کوێت ) بۆ ئیش کردن . کە بۆ سەردان دەهاتنەوە هەموو دانیشتوانی گوندەکەیان بانگهێشت دەکرد بۆ ئێوارە خۆانێک . لەوە بەدواوە ئێمەش یان بانگهێشت دەکرد .

لەو ساڵە خوێندنەکە پشووی نیوە ساڵ تەواو بوو لەگەڵ مامۆستا لە گەڕانەوە مان بۆ قوتابخانە ڕۆژی هەینی (٨/٢/١٩٦٣) کودەتاکەی بەعسییەکان روویدا . ئەو چرکە ساتەی کە ڕاگەیەندرا ئێمە لە ناو ئۆتۆمبیل بووین بەرەو بەغدا . چووینە ماڵی خزمێکی مامۆستا حەمید کەماڵەکەی لە گەڕەکی (تپة الکرد) بوو چونکە پێمانیان وت (ابواب الفنادق کلها مغلقە) . دوای دوو ڕۆژ ڕێگا کرایەوە ، ئێمەش گەڕاینەوە بۆ قوتابخانەکەمان .
بۆ دڵنیا بوو نی ماڵەوە مان لە گەیشتنمان بروسکەیەکم نارد بۆ یان ، نووسیم (وصلت المدرسة سالماً) . پیاو درۆ یەکیش بۆ دز بکا ، دوو بەشی بروسکەکەم لەبەر دەزگیرانەکەم بوو کە لە بەرواری (٤/٨/١٩٦٢) مارەم بڕی بوو .
ڕۆژێک من بە مامۆستاکانم وت من دەشتەکیم ،ماڵمان لە گوندە وفەلاحین مامۆستا مەسعوود وتی ( یعنی معیدی مال اکراد ). مەسعوود تا بڵێی لە مار دەترسا . ڕۆژێک تووڵە مارێکم چاو پێکەوت لە دەرەوەی قوتابخانەکە درێژییەکەی لە بستی زیاتر نەبوو ، بە پێڵاورکەم سەریم پان کردوە ،بە مامۆستا محمدم پیشاندا ، ئەو وتی ( ای واللە خل ننکت بمسعود انطینی پاکیتک وما علیک ) جەگەرەکانی لە پاکەتەکە دەرکردو تووڵە مارەکەی خستە جێیان ولە پشووی دەرسێکا نزیک مامۆستا مەسعوودی داناو پێی وت : ( مسعود پاکیت منصور ) مەسعوودیش خێرا پەلاماری پاکەتەکەی دا وهەڵیپچڕی . کە تووڵە مارەکەی دیت بوورایەوە . من پێم وت (ولک قتلت الرجل ) ، وتی (لاتخاف) ئاومان پرژاند بە دەموچاویا ، هاتەوە هۆش خۆی . جارێکیتر لە قوتابخانەوە دەگەڕاینەوە بۆ سەماوە لافاو هەڵسا بوو ، لەسەر پردەکە (جسر سویر) بوواری پەڕینەوەی نەدەدا .
ئێمەش چاوەڕێ بووین لافاوەکە بنیشێتەوە . مامۆستا مەسعوود بە پەلە ڕایکرد وخۆی گەیاندە ناو ئۆتۆمبیلەکە ودەرگاکانی داخست وقفڵیدا وچاکەتەکەی دایە بان سەریدا وسەری

نایە نێوان هەردوو ئەژنۆی وچاوەکانی نووقاند ، وەک (بی ناو ئاو هەموو گیانی دەلەرزی) . من بە هاندلی ئۆتۆمبیلەکە مارەکەم کوشت . لەو بەری پردەکەشەوە پۆلیسێکی کورد مارێکی تری کوشت ، کە ئەویش لافاوەکە هێنا بووی .
مامۆستا مەسعوود هونەرمەندێکی (لێهاتوو) بوو ، بەرانبەری دابنێشتیتایە وێنەیەکی دەکێشای وەک خۆت .
ئێمەی مامۆستایان ئەوەندە قەدرمان هەبوو لای ئەهلی سەماوەوە ڕێزیان لێ دەگرتین و متمانەیان پێمان بوو . هەر بۆ نموونە جارێک مامۆستایەکی کوردی کەرکووکی برادەرمان نەفی کرا بوو بۆ (نگرە سلمان) لە ناو بازاڕ دیتمان بە دەس ( مأمورێکەوە ) . کە بینێ یەکتریمان ماچکرد ، دوورەوە کەوت و بەجێهێشت لامان ئێمە بانگیمان کرد ( یابە ماتخاف ینهزم ) وتی (لا ، ماطول ویاکم) .
لەگەڵ ئەو متمانەیە زۆر بەداخەوە مامۆستایەکی بێشعوور بە شێوەی (مؤقت) لە سەماوە بوو ، خەڵکی سلێمانی بوو زۆر شتی دەکڕی بە قەرز وقیست ، بەڵام قەرزەکەی نەدە داوە بە خاوەنەکەی . کاتێ نەقڵ بوو دووکاندارەکان پێیان زانی
(بۆسە)شیان بۆ دانا ، بەڵام کەس نەیزانی بە چ فێڵێک لە دەستیان دەرچوو .
جارێک ڕادیۆ یەکی بە قیستی گران کڕی من پێم وت بۆ واگران کڕیت ، وتی کێ ئەزانێ هەموو پارەکەی دەدەمێ . دووکاندارەکان لەوە بەدواوە بە ئێمەیان دەووت (حیف هذا کردی ) .
:: دوای ڕێکنەکەوتنی شوڕشی کورد وحکومەتی بەعس ساڵی ١٩٦٣ بەعس زۆر بە دڕندانە پەلاماری کوردیدا لە ١٠/٦/١٩٦٣ هەر وەکو ئەوەی بۆ ئێبادەکردنی کورد نیزامی بەعس دروست بووبی . زعیم سدیق وعقید خەلیل دوو نمونە بوون لە ئەنجام دەرانی تاوانەکە دەرهەق بە گەلی کورد ی سڤیڵ .
شێخ حەسەن ی عارەبێش بە چەشنی ئەوان دریغی نەکرد لە کورد کوشتن وتاڵان وفەرهوود کردنی کورد زۆر کەسیان بێ تاوان کوشت .
کورد دەڵی : خوای گەورە توڵەی بزنی کۆڵە لە بزنی شاخدار دەکاتەوە .
کە عبدالسلام عارف کودەتای کرد بەسەر بەعسدا لە ١٨/١١/١٩٦٣ ئەو شێخ حەسەنە پاش ماوەیەک یاخی بوو لە حکومەت هەر وەکو لە ١٠/٦/١٩٦٣ دەستی کرد بە تاوانەکانی دژی کورد هەر لە هەمان ڕۆژدا واتا ١٠/٦/١٩٦٣کوژرا.

لە (٢٣/٨/١٩٦٣) من ژنم گواستەوە بەبێ ئاهەنگ گێڕان ، لەو هەل ومەرجە نالەبارەی هاتە ئاراوە لە ئەنجامی تێکچوونی گفت وگۆی شۆڕشی کورد وحکومەتە دڕندەکەی (بەعس) .
پیاوێکی خەڵکی سەربیر پێمێ وت پێویست بەبرنج لێنان ناکات ، چونکە مەعلووم نیە نەقەومێ.

ستار كاكەڕەش وستار محمد كوردە مان نارد تەماتە وبامیە وباینجانیان هێنا بە گۆشتی كاوڕێكی قەڵەو مەرگەیەكی بەلەزەت لێنرا .
بووک دابەزی (پێ وقدومی بەخێر) ، خەڵكەكە پێش ئەوەی دەس بە نان خواردن بكەن ئۆتۆمبیلێک روویكردە ئاوایی . ئامادەبووان بە تایبەتی هەرزەكار وگەنجەكان خواردنیان بە جێهێشت نەبادا سوپابێ . من خۆم بەسوراغێیەوە چووم دوو پولیس بوون هات بوون بڕێک جۆی میری بەرن كە لە ماڵێكا بوو . منیش گەڕامەوە وپڕ سینیەک چێشتمان بۆ ناردن .
من و فەخریەێ هاوسەرم خوای بانی سەر (٥) مناڵی پێبەخشین بە لوتفی خۆی . ( لە جێیەیەكی دیكە ئەیان ناسێنین) .

نیگار : مامۆستا
خاڵدار : مامۆستا
سالار : دوكتۆر
هۆشیار : مامۆستا
ڕێبوار : ئەندازیار .
هەرگیز حەمدوشوكری خوا لەبیر ناكەین .
خوایە وەک داوتە نەیبڕی . ئامین .
دوای ئەوەی ژنم هێنا هەر وەكو یەكێكی خەڵكی گوندەكە بەشداریم دەكرد لە شین وشاییان ، كە عادەتیان وابوو پارەیان خڕدەكردەوە . بەو یارمەتیدانە یان دەوت (شۆباش ) .
كە لە ساڵی (١٩٦٥) نەقڵ كرامەوە بۆ كەركووک

بە دانێشتوانی گوندەكەم ڕاگەیان ، چەند كەسێكیان هاتن بۆ قوتابخانەكە و پێیان وتم ئەگەر ئارەزوو دەكەی دەچین بۆ معارف داوا دەكەین نەقڵەكەت هەڵبووەشێتەوە ، چونكە پێمان خۆشە لامان بمێنیتەوە . منیش پێم وتن (آني هم عندي اهل وگرايب ،لابد اكون بيناتهم ). ئەمجا وتم (من يوم لي صرت مدير المدرسه كنت اعتبر نفسي واحد من (بني حچيم ) وتأكدوا بأني طول عمري ما انساكم ) .
ئەوانەی لە ساڵی یەكەم لەوێ لە پرسی (مجلس الاباء والمعلمين) بە مدیرەكەیان وت (لا تكتب الكردي) ،لە كاتی ماڵ ئاوائییمدا فرمێسكم لە چاویاندا بەدیكرد .

:: بە ئەمری وەزارەتی داخلية رەقەم ١١٤٥٦ و١١٤٥٧ لە ٣٠/٨/١٩٦٥ نەقڵ كرام بۆ كەركووک .
ئینفیكاكم لە دیوانية رەقەم ١٩ /١١٢٤ ـــ ١١/٩/١٩٦٥ .

تەعێینم لە کەرکووک رەقەم ٧/٤٤٤٣ ـــ ١٦/٩/١٩٦٥ لە ( مدرسة ادریس تمر) .
مباشەرەم لە ( مدرسة ادریس تمر ) ٧/١٦٢٨١ ـــ ٦/١٠/١٩٦٥ .
دوای دوو ساڵ نەقڵ کرام بۆ قوتابخانەی (گەڵۆزی) .
لە نیوە ساڵی (١٩٦٩) مامۆستا لەتیف لە دەورەی خۆمانمدی وەرەقەی پرسیاری تاقیکردنەوەی لە گیرفان بوو ، لێم پرسی ئەوە پرسیاری کام بابەتە ، وتی (حیساب وقیاساتی پۆلی پێنجەمە ) .لێم پرسی بۆ حیساب وقیاسات دەزانی؟ .

ئەویش وتی ئەی تۆ نازانی ؟ وتم ئەگەر هەوڵ بدەم فێر ئەبم ؟ ئەمجا ئەو وتی ئەوە نیە من فێر بوومە . منیش وتم ئەوا لە ئێستاوە فێر بووم .
لەگەڵ دەسپێکردنی پشووی ئەو ساڵە کتێبەکانی پۆلی چوار وپێنج وشەشم ئامادە کرد وشانم بۆیخەواند . بە درێژایی پشووی ئەو هاوینە بە دەگمەن دەچوومە دەرەوە وچایخانە ، لە کتێبی پۆلی چوارەوە تێهەڵ چووم .کە فیکرەیەکم لێی وەرگرت شاڵاوم بۆ کتێبی پۆلی پێنچ برد . دوای وەرگرتنی ناوەڕۆکی ئەویش ، دەسم کرد بە خوێندنی کتێبی شەش . هەر بابەتێک یان ڕاهێنانیکم نەزانێیایە

دەچووم بۆ لای مامۆستایەک ، یان قوتابێیەک بە شەرمم نازانی لە هەر کەسێک بپرسم .
هەتا پشووی ئەو هاوینە تەواو بوو منیش شتێکم لە بابەتەکە هەڵکڕاند .
لە پشووی هاوینی ساڵی داهاتووش دیسان کەوتمەوە سەرف وسونی ، هەر سێ کتێبەکە پێداچوونەوەیەکی تێر وتەسەلم ئەنجامدا لێیان ولە خۆم ڕادی وانەی پۆلی شەش بڵێمەوە ، لە (حیساب وقیاسات ) . وەرمگرت و ڕێژەی نەجاحم ١٠٠ ./. بوو لە تاقیکردنەوەی وەزاری .
دوای ئەوە نەقڵ کرام بۆ ناو شار .

لە قوتابخانەی گەڵۆزییەوە نەقڵ کرام بۆ قوتابخانەی (شۆڕش) لە گەڕەکی شورجە. لەگەڵ مامۆستایەک گوڕیمانەوە بۆ قوتابخانەی (کوردستان) لە گەڕەکی ساحەت تەیران . لەوێ بە سواری یەک پاس ئەگەیشتم بۆ شۆرجەش بە دووان . دووای ساڵێک ئەبینم نەقڵ کراوم بۆ قوتابخانەی (شۆرجە) هەر لە گەڕەکی شۆرجە . بەبێ ئارەزوو وئاگایی خۆم . بۆ ئەو مەبەستە سەردانی (بەرپرسی ) خوێندنی کوردیم کرد وپێموت مامۆستا من ساڵی پار بە (تبادل) لە شۆرجەوە چووم بۆ کوردستان ، جەنابت بۆ گێڕامتەوە عەینەن بۆ شۆرجە .
هەموو وەڵامەکەی ئەوە بوو وتی زیادی لە کوردستان ، منیش وەک ئەوی گوناحێکی گەورەم لەدەم دەرچووبێ وتم کە من زیادم بۆ فەوزیت نەقڵ کرد بۆ ئێرە، ئەگەر ئەو نەهاتایە من بۆ زیاد دەبووم . بە ناڕازی بوونم لە نەقڵ کردنی ئەو مامۆستایە حەوسەڵەی گوشرا. بۆیە بەبێ پەیڕەوکردنی هیچ ئادابێکی (تربوی) و قیمەت وئوسوولی کۆمەڵایەتی

وڕێزگرتن لە مامۆستایەک کە ئەو خۆی بەرپرسی یەکەمی بواری یەکەمی وەزیفەکەیەتی پێمیوت بڕۆ دەرەوە . منیش وتم ناڕۆم . بەڵام بێ ئەوەی دەرفەتی بەرگری لە خۆمم بداتێ.

زەنگێکی لێداو فەڕاشە زرتە بۆزەکەی کە ئەتوت (کەندووی نەزانکارە) هاتە ژوورەوەو ، پێیوت دەریکە دەرەوە ، ئەویش کردی بە پیلما ودەتوت پووشکەیەکم بە دەسیەوە .
دەریکردمە دەرەوە . منیش بەر لەوەی لە ژوورەکەی دەرچم وتم (وەی هەموویان هەر عەمەدن ) . دیار بوو ئەم رستەیەی دووائیم پاش ساڵێک لە مێشکی هەر مابوو ، بۆیە شۆرجەشی پێم ڕەوا نەدی . قۆناغێکیتر دوور تری خستمەوە . بۆ قوتابخانەی (سەرکارێز) ، لەوەوە ترسی ئەوەم لێ نیشت بۆ کاتی خانەنشیینم هەتاکو (فاو) بمڕە تێنێت .
لە قوتابخانەی (سەرکارێز ) بووم کە (٦/٣/١٩٧٥) هەواری بو میدیەن سەرۆکی جەزائیر شای ئێران وسەدام حوسێن جێگری ئەوسای سەرۆکی عێراقی گەیاندە یەک ، تاوانی ( تاوانەوەکەی ) شۆڕشی ئەیلوولی لێکەوتەوە .
دوای ئەوە حکوومەتی عێراق بڕیارێکی شۆڤێیانەی دەرکرد بە نەهێشتنی خوێندنی کوردی لە قوتابخانە . بە مامۆستا رەفیق کە کامێرای هەبوو ، بۆ یادگاری وێنەیەکم بگرێ لە ناو پۆل . مامۆستای پولی یەک بووم وانەی فێرکردنی (لا ، لا) کەوی بەرەلا ، مامۆستاکە وێنەیەکی پوختەی گرتم .
منیش لە (٢٠١٣) کتێبیکم نووسی بەناوی ( خاکە رۆیەک لە خەرمانی شاعیران ) لای چەپی بەرگی کتێبکە وێنەکە چاپکرا . ئەو سێکوچکە تاونبارە ئەنجامیان هەر یەکەی بە دەردێ چوون ، (هەواری بومدین ) لە سەردەمی شۆڕش وخەباتی گەلی جەزائیر لە دژی داگیرکاری فەرەنسی زۆرێک لە ڕۆڵەی کورد ڕۆیشتن بۆ ئەوێ بۆ جەنگ لە دژی فەرەنسا وسینگی خۆیان نایە بەر گولەو تۆپەوە ،چەند خۆپیشاندان ئەنجامدرا بەمەبەستی لایەنگری گەلەکەی ، کەچی ئەو بێسفەت بۆ بێوەفابوو ، تووشی دەردێک بوو لە چەشنی ( سامری بنی ئیسرائیل ) ،

وەها بۆگەن بوو بوو کەس نەیدەتوانی نزیکبێتەوە لێی .
شای ئێرانیش بە زەلیلی لە وڵاتەکەی خۆی (هەیدێی) لێکرا و هەندەران بەحەسرەتی ئێرانەوە بووە گۆڕی .
سەدام حوسێنیش (القائد الذي لا يقهر ) و(قائد الامة العربية ) لە کونە جرج ومشک بەڕیسوایی دەرکرا و لە سێدارە درا . هەرگیز ئەو بێڕێزییە لە بێر ناکرێ کە دەبوو پێشمەرگە تفەنگ وفیشەکدانەکەی بەرامبەر زوومی کامیرای بەعس دابنێت . وبێڕێزەکان پێیان پێبکەنن . سەرکردەکانیش مێشێک مێوانیان نەبوو .

دەروون ناس وشارەزایان دەڵێن بێجگە لە پێنچ هەستە زانراوەکە (بینین ، بیستن ، بۆنکردن ، چێژ ، دەسلێدان ) هەستێکی نهێنیش هەیە لە ناخی مرۆڤدا . چەند ئەزمونێک لە لای من گەڵاڵە بووە لەم بارەیەوە :
یەکەم : (هەر لە قوتابخانەی سەرکارێزە) هەشت مامۆستا بڕیاماندا لە بەینی خۆمانا (جەمعیە ) بکەین بە (١٠)دینار ، هەشت وەرەقەمان ئامادەکرد وناوی بەشدار بووانمان لێیان نووسی وبانگی هۆشیارمانکرد کە کوڕی مامۆستا سەعیدە وقوتابی منە لە پۆلی یەکە ، بۆ ڕاکێشانی ناوەکان ، من پێموت پێشا ناوی من ڕاکێشە لە ناو ئەم مقەبایە خۆ هۆشیار منداڵە و دەترسی لە من کە مامۆستاییم ، وەرەقەیەکی دەرکرد ناوی من بوو ، پارەکەم ئاخنیە گیرفانم ، ئەمجارەش پێموت ناوی باوکت ڕاکێشە ، وەرەقەیەکی تری دەرکرد باوکی بوو . بەوەشەوە نەوەستام ، وتم ناوی مامۆستا حەسەن ڕاکێشە کە وەرەقەکەی تری دەرکرد ئەو بوو . ئیتر وتم چی ڕادەکێشی من هەقم نیە .
دووم : وەکو لە یادگاریی حەویجەم وتم کە مامۆستا ناوی پرسیم وتم ناوم مەنسوورە ئەو وتی بەخێربێی (ئەوە من خۆم بانگم کردی ) چەند شەوێ لەمەو پێش لە خەوما بانگی یەکێکم دەکرد ناوی مەنسوور بوو ،نەشم دەناسی .

زۆر تاقیمکردوتەوە لە لێخوڕینی ئۆتۆمبیل کە رادەوەستام لە چاوەڕوانی گڵۆپی سەوز . کە ئاوڕمبدایەوە بەرەو لای ئەو شوفێرەی لە تەنیشتمەوەیە لەو چرکەیە تێبینیم کردووە ئەویش ئاوڕ بۆ لای من دەداتەوە .دەتۆش کە ترفیک لایت دوور نیە تاقیبکەرەوە ، ( ئەوە ئەرز وئەمەش گەز) .
کورد دەڵێ دڵ ئاوێنەی دڵە ، کێت خۆشبوێ خۆشتی دەوێ ، رقت لە کێبێ رقی لێت دەبێ ئامانە هەمووی ئەو هەستە نهێنییە دەری دەخات .
بەڵام ئەو هەستە بازە جارێک هەڵەشدەکا وەکو ئەوەی جارێک لای من کردی :

هەندێ جار بەزستانان لە ماڵەوە لەبەر سۆبە پشتمیان سوورەوە دەکرد . بەرخم دەلەوە ڕاند لە زەوییەکەی پشت گول شێخ . بەرخەکانم لای برادەرێکم جێهێشت ڕۆیشتم بەرەو ماڵەوە بۆ ئەوەی نان بەرم هەستێکم لادروست بوو ، کە ئەو چرکەیەی من دەگەمە ناو حەوشە سۆبکە داگیرساوە هەتا یەکێک لە ئافرەتەکان نانم بۆ ئامادە دەکات یەکێکی تریان پشتم سوور دەکاتەوە .
(لە خۆم بێبەختێ) کە چوومە حەوشە ناو ماڵ سارد وسڕ ، نە سۆبەم بەدیکرد نە ئاگر .

:: مامۆستا نا بەعسییەکان زۆر فشاریان لەسەر دەکرا بۆ ئەوەی ببن بە حیزبی . چونکە بەعسییەکان لایان کفر بوو مامۆستا بەعسی نەبێ . فشارەکەیان بە شێوەی تاک وکۆمەڵ بوو ، دوو بیرەوەریم لەو فشارە بە کۆمەڵەیان هەیە :

یەکەم : لە قوتابخانەی ( ابن الرومی) بووم ئێمەی نا بەعسی (٨) کەس بووین کورد وتورکمان . بەڕێوەبەری قوتابخانەکە پێیڕاگەیاندین سبەی لە لایەن حیزبەوە لێژنەیەک دێ بۆ لاتان . ئێمەش لە نێوان خۆمانا لەم پرسە دواین و، دیار بوو هیچ کەسێکمان ئامادەنیە ببێتە حیزبی . بەزۆر نەبێ . هەر هەشتمان بڕیارماندا لە ژێر هەر فشارێکدا ملیان بۆ نەخەوێنین و نەبینە حیزبی ـــ شەرت ـــشەرت ـــ چونکە هەموومان یەک هەڵوێستبین بەسەرمانە زاڵ نابن .
لە ناو پۆل بووم فەڕاشەکە هاتە ژوورەوە و وتی مامۆستا لە ئیدارە بانگت ئەکەن . کە چوومە ژوورەوە ، مامۆستاکانی تر هەموویان پێش من بانگ کرابوون وبەریزەوە دانیشتبوون . بۆ ئەوەی لە منەوە دەسپێنەکەن خۆم خزاندە نێوان دوانیانەوە . هەر وەکو عادەتیان بوو لێپرسراوەکەیان رووی تێکردین وکەوتە قسەی زل - زل هەڵڕشاندن . دوای پشوویەکی کورت وتی کێ ئارەزوو دەکات ببێتە حیزبی ؟ کە کەسی بەدی نەکرد کەوتە پرسیار لە هەر یەکێکمان بەجیا ، لە لای ڕاستەوە پرسیاری لە مامۆستایەک کرد بۆ ئەو مەبەستە . کە مامۆستاکە نەچووە بنیەوە . پاش کەمێک لە یەکێ تری پرسی ، ئەویش لەوەڵامەکەی ئەو مامۆستایە ( تشجیع بوو) . ئەویش ئارەزووی نەکرد ، کە لەویش بێ ئومێد بوو ئەنجام هەموومان گفتی خۆمان بردە سەر . دوایی کە لە هەموومان بێ ئومێد بوون لێپرسیارەکە بە کاغەز بەدەسەکەیان وت (اکتب حاقدین) منیش وتم (استاذ ماتشوف هالکلمە چبیرە) بە دەنگی بەرزو تووڕەیەوە وتی (لا) .منیش خۆم گلینگلە کرد . لە دواییدا وتی (فکروا مرة لخ نجیکم ) . و ڕۆیین.

دووەم : لە ڕێی قوتابخانەوە پێیان ڕاگەیاندین هەموو مامۆستاکانی نا حیزبی لە قوتابخانەکانی ڕۆژهەڵاتی چەمی خاسە (چ نێر ، چ مێ) لە کاتژمێری چواری ڕۆژی .......بین بۆ هۆڵی فرع الحزب . من ومامۆستایەکی تورکمان لە قوتابخانەیەک بووین ، ئەویش ماڵی هەر لە گەڕەکی رەحیماوا بوو . بە ئۆتۆمبیلەکەی من ڕۆیشتین بۆ هۆڵەکەی حزب ، هەردوکمان بە تەنیشت یەکەوە دانیشتین ، هۆڵەکە جمەی دەهات لە مامۆستا هەتا دەهات ناو هۆڵەکە قەربالغ تر دەبوو ، ژمارەمان بە سەدان بوو ، پێش ئەوەی لێپرسراو بگاتە هۆڵەکە ڕەفیقەکان پێمانیان وت کە استاذ لە دەرگاکە بە دەرکەوت هەمووتان هەڵسن وچەپڵە لێدەن .

کە لێپرسراوەکە هاتە ژوورەوە چەپڵەی رەفیقان وئامادە بووان دەتوت بۆ گورانییەکانی أم کلسووم لێدەدرێت . رەفیقەکان هەر چاوێکیان کردبوو بە چوار چاو بۆ چاوەدێریمان . استاذ کە نزیک بووەوە لە سەکۆکە هەر رەفیق بوو کورسی جێی دانیشتنەکەی دەسڕییەوە و، ئەویش لەسەر کورسی ئامادەکراوی دانیشت وپشوویەکیدا. دوای چەند چرکەیەک بۆ

موجامەلە وتی (اساتیذتنا نورحب بکم) . ئەمجا دەسیکرد بە هەڵدان بە شان وباهووی (السیدالرئیس) (المنصور بالله صدام حسین القائد التأریخی ) و(الحزب القائد) .
دوایی تاتوانی وشەی قەبە قەبەی ڕێکخست و وتی حیزب زۆر بە ڕێزەوە ئەڕوانێتە مامۆستا مامۆستا دەبی ئاگاداری (مبادئی ) حیزبییێ و پەیڕەوی بکات ، چونکە حیزب لە (ضمیری) جماهیرەوە هەڵقوڵاوە . هەر وەها زۆرتر لەسەر مبادئی حیزب بەردەوام بوو ، ئێمەش وەکو بت بێدەنگ وقڕوقپ گۆیمان بۆی هەڵخستبوو . لە پاشا سەری بۆ لامان بەرز کردەوە و وتی (الي یرید یصیر حزبی خلی یگوم ) . کەس هەڵنەستا . ئەمجا ویستی بە شێوازێکی دی ڕاومان بکات ، داوایەکی (حرج)ی کرد (الي مایرید یصیر حزبی خلی یگوم ) . ئەم داوایەی هەر هەموومانی ئەبڵق کرد.
هاوڕێکەم لە ناو ئەو سەدان مامۆستایە خەرێک بوو هەستێ . پێموت هەڵمەستە ، وتی ئاخر من نابمە بەعسی ، وتم منیش نابم سەبرکە تابزانین چۆن ئەبێ . نەمانزانی لە کێوە خڕیەک هات ، هەر هەموو هەستان وتم ئێستە هەستە و ئێمەش هەستاین . استاذ کە فەشەلبوو ، ناچار وتی (الله ویاکم نشوفکم بعدین) ، هەموو دەرچووینە دەرەوە .

:: من خێرێکی بێمایە وتەکلیف وخەتایەکی موستەحەقم لێرویداوە . جەزای یەک بە دەیە وخەتاش یەک بە یەکە ، ئەگەر خێرەکەم وخەتاکەم هاوسەنگبێ لە تای یەک تەرازوودا ئاسوودە دەبم . واعەرزی خوێنەرانی دەکەم بێ رتووش خێرەکە : بەیانییەک لەگەڵ پیاوێکی ناسیاوم لە فڕن چاوەڕوانی دەرچوونی سەموون بووین پێش ئەوەی سەموون دەربچی پیاوێکی دی هات ولە تەکمان ڕاوستا . ئەو دوو پیاوە یەکترییان ناناسی . ئەوەی دوایی هات لە حوجرەی مزگەوت هەندێکی خوێندبوو بە مەلا بانگیان دەکرد . لەباتی جەمەدانی چەفیەی سپی ئەکردە سەری زەکات وخێری وەردەگرت ئەگەر چی وەزعی مالیی باش بوو . لە گیرفانی چاکەتەکەیدا پارەیەکی پێنج سەد فلسیم دی چمکێکی دەرچوو بووە دەرەوە ، منیش بە ئاگاداری پیاوەکەی تر بە گورجی دەسم برد ودەرمهێنا لە گیرفانەکەی ، راستەوخۆ ( ڕۆنی خۆی لە سمێڵی خۆی) بۆ خۆیم درێژکرد وپێموت ئەمە زەکاتە ، هی ئەم پیاوەیە . هەتا سەموون لە فڕنەکە دەرچوو ، هەر رەحمەتی ئەنارد بۆ باوک ودایکی پیاوەکە . (چتۆ خێرێک بوو ! )
خەتاکە : لە گوندێکی دەوروبەری خۆمان میوان بووم ، پاش نوێژی عەسر لەگەڵ خانەخوێکەم چووین بۆ چایخانەی گوندەکە .
مامۆستایەک کە لە زۆکەوە بوو یەکترمان دەناسی مامۆستا بوو لە گوندەکە ومالێشی لەوێ بوو رژد وپیسکەیەکی وابوو لە ماوەی ژیانیدا کەسێک چیە پاروە نانێکی لە مالی نەخوارد بوو ، تەنانەت خزمەکانیشی ، پارەی کرێی پاسێک وپارەی چایەکی نەفەرێکی نەدا بوو من لە سەرەتای یەکتر ناسینمانەوە شارەزای پیسکەیەکی بوو بووم .

دەمەو ئێوارەکە لە چایخانەکە هەستاین بەرەو ماڵی خانەخوێکەم ، دەسمبرد بۆ گیرفانم هەندێ پارەم دەرکرد ، لەگەڵ خانەخوێکەم بەرەو چایچیەکە چووین ، مامۆستای گۆرین بۆ ئەوەی پارەی چایەکەی بدەم خۆی کوتایە پاڵمەوە ، بە چایچییەکەموت پارەی سێ چای هی من و(.......)ومامۆستا ، پارەکەم هەر بە دەستەوە بوو مامۆستا لای مسۆگەر بوو کە من تازە هەرسێکمان دەدەم، بۆ خۆڵەمێش ڕژاندن لە چاومان وتی ئەی بۆ من پارەی چایەکان نەدەم . منیش چونکە موستەهەق بوو بەگورجی پارەکەم کردەوە ناو گیرفانمەوە و، وتم ( وەڵا بۆ نایدەی ) . ( لەم بێشەرمییەی من نواندم !) ئیتر خێر بەسەر ئێوەدا باری و شەڕ بەسەر مامۆستایا . چاری نەما ، هەموو لەشی کەوتە لەرزین ودەست ولێوی کەوتە تەتەڵە کردن ، لەتاو پارەی چایەکەی هەر سێکمان .
پیاوێکی خەڵکی گوندەکە ، کە ئەمەی لێماندی پێکەنینێک گرتی ، هەر چەندێک هەوڵیدا خۆی پێکۆنترۆڵ نەکرا . دەسەسڕەکەی خستە بان دەمی ، بەڵام هەر مرقەی دەهات . کە مامۆستا جیا بووە وە لێمان وتی ( اشهد بالله ) تۆ کوڕی باوکی خۆتی ، ئەوە چۆن زانیت وایلێبکەیت ، هەتا ئەم ساتە وەختە یەک فلس چیە بۆ هیچ کەسێکی خەرج نەکردووە . وتم تۆ تازە دەیناسی ، من لە بنەڕەتەوە دیناسم .

:: پێش ئەوەی خانەنشین بکرێم بە عبدالرحمن مەلا سادقم وت ئەو دووکانە بەتاڵەتان بۆ بە داخراوی بمێنی ئەگەر بیدەنە من ، ئامادەم لە کاتی بێ ئیشیمدا کەرەستە وجوانکاریی ئۆتۆمبیلی تیدا دەفرۆشم ، سودێکیتری دەبی بۆ دووکانە پەنچەرییەکەی خۆتان بە شەریکی .وتی خزمێکیمان داوایکرد باوکم نەیدایە ، بۆ تۆ پرسێکی پێدەکەم ئەگەر قاییلبوو دەتدەینێ ، دوای دوو ڕۆژ وتی باوکم ڕازی بوو . ئەوە کلیلەکەی .
دەچووم بۆ بەغدا بە قەدەر ئیمکان کەرەستەم دەهێنا ، دوای دەوام دووکانەکەم دەکردەوە و سوودێکیمان لێیدەسەکەوت وبێ ئیشیەکەمیش دەرەواندەوە .
چەند ساڵێک بەردەوام بووم بەڵام عبدالرحمنی شەریکم مرد . لەبەر ئەوەی هەتیوی لێ بەجێمابوو زۆر سڵم دەکردەوە لە شەریکی ئەو هەتیوانە ، نە خوا نەخواستە تەجاوزبکەم بە سەر مافیاندا . بۆیە بە باپیرەیانم وت ناتوانم لەو شەریکییە بەردەوام بم. چونکە خۆت دەزانی سەودا لەگەڵ هەتیودا لێپرسروە یەکی یەجگار قورسە .
ئەگەر دووکانەکم بەکرێ دەدەنێ ئەوە کەرەستەکانی دووکانەکە بۆ خۆم هەڵدەگرمەوە بەنرخی کڕینەکەی و پارەکەیتان دەدەمێ . ئەگەر ناشیدەن پێم ئەوە کەرەستەکان دەکەمە دوو بەشەوە بەشەکەی خۆم دەبەم وبەشەکەی ئێوەش لە ناو دووکانەکە بۆتان بەجێدەهێلم . منیش کرمە دوو بەشەوە ، بەشەکەی خۆمم برد لە هەولێر فرۆشتم ، بەشەکەی ئەوانیشم بۆیان بە جێهێشت .
:: بەعسیەکان لەگەڵ (جیش شعبی )؟تێوەیان گلاندم چەند جار گرتمێان وزۆر جاریش خۆم ئەشاردەوە لەگەڵ دەسپیکردنی هەر وەجبەیەک لە جیش شعبی لەرزمان دەهاتێ . لە

پشووی هاوینی ١٩٨٤ بڕیاریاندا هەموو مامۆستا وقوتابی ناوەندی وئامادەیی بەرگی جیش شعبی لەبەر کەن لە ٢/٦/١٩٨٤ سەوقیان کردین بۆ معسکر تۆبزاوە بۆ تدریب . ڕۆژێک کە لە تدریب گەڕاینەوە بۆ خێمەکانمان بانگەوازیان کرد (رفاق) بێن ئەم خێمانە هەڵدەن . ئێمەش بومەبەستی فێربوونی چۆنیەتی هەڵدانی خێمە چووین ، دەسمانکرد بەکارەکەمان .

یەکێک لەو مامۆستا کوردانەی کە بەبەردەوامی خۆی لە بەعسییەکان نزیک دەکردەوە و ،مێچکە مێچکەی دەکرد بە دەوریاندا . هاتە دیار ئێمە کە هەموو کورد بووین و هەموومانیشی دەناسی ، بە تەقلیدی بەعسییانە وەکو لێپرسراوێک وتی (رفاق رجاء علی شکل مجامیع ) منیش وتم سەیری ئەم خوێڕییەکەن . کلکی نایە ناو گەڵی ولێمان دوور کەوتەوە.
دوای تەواو کردنی تدریب ، ئێمەیان برد بۆ ناوچەی (سەربەشاخ ) لە پێدەشتی زۆرگە زراو بەدیوی خواروی ، کە دەڕوانێتە ناوچەی کەندیناوە ، دوو مامۆستا وچوار قوتابی بووین منیان کردە (امر ربیە) . یەکەم ڕۆژی دەسبەکاربوونمان
لە ڕبییەکە نیشانمان داناو تەقەیکی زۆرمانکرد دوایی لە تەلەفۆنەکەوە کە بۆ هەموو رەبییەکان دەچوو پرسیاری سەرچاوەی تەقەکانیان کرد هەموومان نکوولیمان لێیکرد .
پێش خۆر ئاوبوون ئامیر قاعیدەکە هات لەگەڵ جێگرەکەی کە برادەرم بوو ، بە جێگرەکەی چەکەکنیان بۆنکە ، ئەویش بەڕوواڵەت بۆنیانی کرد و وتی بۆنیان نیە . ئەمجا ئامر قاعیدە وتی ئەمانە منداڵن فێری بەکارهێنانی چەک نین ، لێپرسیارێتی هەموومانە .
منیش وتم (رفیق طمن طالما انا هنا ماتسمع ای طلقە ) ئەویش وتی (بارک الله بک ) لە ١٥/٩/١٩٨٤ قاطعێکی تر هاتە جێمان وشەرتمان هەڵات .

جارێکی تر گردمیانەوە بۆ ( مقاومة الطائرات ) رەشاشی جووت لوولە ، ڕۆژێک کە هەر من وئامر رەبییەکە لەوێ بووین ئامرەکە وتی با رەشاشەکە بسڕینەوە . ئەو شارەزایی هەبوو لەو چەکە ( یان خۆی وایدەزانی ) چووە سەر رەشاشەکەو شریتی لوولەکەی لای راستەی ترازاند ، من وتم پێی ئاگادار بە . ئەو وتی ئەوە نیە شریتەکەم ترازاند ، منیش وتم لای راستت ترازاند ، ئەو وتی لایەکەی تریش ناتەقێ . بێ سڵکردنەوە دەسیکرد بە سڕینەوەی ڕەشاشەکە . کاتێکمان زانی ریزی گولە دەرپەڕی لە لوولەکەی لای چەپیەوە واقمان وڕما . ئامرەکە ڕەنگی زەرد بوو لە ترسی لێپێچینەوە ، لێپرسراوەکەمان هات و وتی ئەو تەقانە چیبون ، وتمان کۆمەڵێک فرسان لێرەوە رەتبوون تەقەیان بەرەو ئاسمان کرد . (تێمان پەڕاند ) .

:: خوێنەری ئازیز تۆ بی وخودا ئەم دوو دیاردەیە سەیر نیە ؟

یەکەم : رەمەزانی خاڵم کە هەتیوو بوو دەس کورت بوو لە گوند لە پۆلی شەشی سەرەتایی دەرچوو بوو ، ئەبوو نەقڵ بێ بۆ ناحیە بۆ خوێندنی ناوەندی ، منیش کە مامۆستا بووم و ،ماڵم لە شاری کەرکووک بوو ،داوایەکەم بۆ (مدیر تربیە کەرکووک ) نووسی کە ئەو قوتابیە هەتیوە ناتوانی درێژە بە خوێندن بدات لە ناحیە چونکە من بە خێوی دەکەم داوامکرد کە قایلبێ بۆ نەقڵ کردنی بۆ قوتابخانەیەکی ناو شاری کەرکووک . داواکەم ئیمزا کرد بە ناوی (منصور غفور محمد) معلم فی مدرسةگەڵۆزی الابتدائیة. ناردمان بۆ بەردەست مودیر . لەسەر داواکەی بەخەتێکی سوور نووسی بوو (لا) . لە ڕۆژی دوایی داوایەکم هەر بە کلێشەی داواکەی یەکەم نووسی بە ناو عزالدینی ئامۆزام کە کرێکاری (بلدیە ) بوو ، هەمان زانیاریم لێی نووسی و ناردم بۆ بەردەست جەنابی مدیر . لێی نوسیبوو (موافق) .

ئەی چۆن سەیر وسەمەرە نیە من داواکەی یەکەمم بێ غل وغەش بوو ، کە مامۆستا بووم لەو دائیرەیەی کە خۆی لێپرسراوی یەکەمە لێی ، رازی نەبوو ، رەفزیکرد . بەڵام داواکەی دووەمی قەبوڵکرد . کە کرێکاری بلدیە بوو ، هیچ خزمایەتییەکیش لە نێونیاندا نەبوو ، تەنانەت یەکتریشیان نەدەناسی .
دووم : مووچەی خانەنشینەکەم مانگانە (٢٠١) دینار بوو ، هەوییەی (غرفە تجارە)یشم هەبوو چونکە وەکالەتی (معمل نسیج والبسة الجاهزە)م هەبوو رەسیدەکەم لە بانک تەنیا (٤٥) دینار بوو . بۆ کە فیلییەک لە دائیرەی (کاتب عدل) هەوییەی خانەنشینەکەیان لێم قبوڵ نەکرد .

بە هەوییەی غرفة تجارەکە کەفالەتەکم ئەنجامدا . ( مووچەی خانەنشینەکەم و رەسیدی بانکەکەم ئاسمان ورێسمانی بوو.)

:: لە ١/٧/١٩٨٧ خانەنشین کرام (٢٦) ساڵ و (٦) مانگ و(٢) ڕۆژ دەسبەکابووم لە مامۆستایی . دووکانێکم کردەوە لە گەڕەکی رەحیماوە . لە (غرفة تجارە) تۆمارکرام و هەوییەی وەکالەتی (معمل نسیج ومعمل البسة الجاهزە)م دەرکرد . ئەو دوو هەوییەیە لە هەموو پارێزگایەک کە ئەو معملەی لێبوو (تجهیز)دەکرا . لە موسڵ ونەجەف و کووت ودیوانیە بەشی خۆمان وەردەگرت . چونکە دووکانەکەم تایبەت بوو بە کوتاڵفرۆشتن کە سەدام حوسین لە ٢/٨/١٩٩٠ کوێتی داگیرکردو هاوپەیمانان دوای چەند مانگێک دەریان پەراند بەرسواییەوە ، سەربازێکی هەڵاتوو بە دەبابەکەی تۆپێکی لە وێنەیەکی سەدامدا لە دەروازەی بەسرە کە بوو بەهوێنی ڕاپەڕین لە خواری عێراق ولە کوردستان .کە پێشمەرگە کەرکووکی گرت لە ٢٠/٣/١٩٩١ لەسەر ٢١/٣/١٩٩١ واتە لە نەورۆز داو ماوەیەک تێیدا مایەوە ، حکومەت کە بەرانبەر هاوپەیمانان چەشنی رێوی گەڕ بوو ، بۆ

گیان گەلەکەی خۆیَ بە کورد وعەربەوە وەکو شێر خۆینواندو کوشتارێکی زۆری لێکردن .
هێرشی هێنا بۆ سەر کەرکووک ، پێشمەرگە کشایەوە وەئێمەش لە ترسی دڕندەیی سوپای عێراق ماڵمان بە جێهێشت و ڕۆیشتین بۆ هەولێر . پاشا سوپا هێرشی بۆ کوردستان برد . ئێمەش وەکو خەڵکی هەولێریشمان بە جێهێشت بەرەو ئێران ، لەویَ لە گوندێکی ناوچەی (سوندس) گیرساینەوەو ، زۆر ڕێزیان لێگرتین .
دوای (عفوی گشتی ) گەڕاینەوە ، دەبینم دووکان فەرهوود کراوە ، بەڵام ماڵەکەمان مام سڵێوەی هاوسێمان پاراستبووی .

:: لە ١١/١٠/٢٠١٣ جەڵتەی مێشک لێیدام و زۆر تین وتواناى لێبڕیم وکەنەفتیکردم .

:: هێشتا دوو ساڵ بەسەر ڕاگرتنی شەڕی عێراق— ئێران تێپەڕ نە بوو بوو ، سەدام حوسێن سەرکێشییەکەیتری کرد بە داگیرکردنی کوێت . دەرها ویشتەکەشی ئەو نهەامەتییە ماڵ وێرانییە بوو کە بەسەر گەڵی عێراقدا هات لە تەپاندنی ژێر خانی وهەڵتەکاندنی ئابوری وکوژرانی هەزاران لە ڕۆڵەکانی بە کورد وعەرەبەوەو ، تەقاندنەوەی چەکە قورسەکان بە دەستی خۆیان کە با ی ملیارەها دۆلار دەقەرەسێندرا. هتد. خۆ قەرەبووی زەرەر وزیانەکانی کۆێت ئەوە لە حیساب نایە کە زیاتر لە (٢٠) ساڵە گەڵی عێراق پێیەوە دەناڵێنێت .

:: کە شۆڕشی ئەیلوول بەرپا بوو خەڵکی کوردستان بێغایەت ئومێدیان بە یەکێتی سۆڤیەت قایم بوو ، لەو بڕوایەدا بووین هەموو( ٥– ٦) ساڵێک ناخایەنیَ کوردستان ڕزگار دەبیَ ویەکێتی سۆڤیەت دەوڵەتی کوردستانمان بۆ ڕادەگەیەنێت . چاوی کورد هەموو هەر لە یەکێتی سۆڤیەت بوو ، ناوی سەرکردەکانی سۆڤیەت بەمردوو وزیندووەوە هەر لە سەر زارمان بوو ، دوای ئەوەی ژنم مارە بڕی مامۆستا حوسێن ومامۆستا عبدوڵا کە هاوڕێی منداڵیمن وخەڵکی سەربیرن وپێکەوە بە چەشنی سێکوچکەین کە هەرسێکمان مامۆستاین ، وەک لە (جنسیە عێراقی ) دەرکردن لە پێشەوە باسم کردپێمیان وت حەزمان لێیەدەزگیرانەکەت ببینین. پاش نیوەڕۆیەک بە سواری ماتۆڕسکل (قەدبڕ ) ڕۆیشتین ، لەویَ ئاویان بە بووکا بۆ ناردین ، بەوانی وت بەخێربێن ، بەڵام بە خێرهێنانەکەی من هەر لە دڵیەوە بوو .
هێشتا چایەکەمان نەخواردبووەوە کاغەزێکم بۆ مامۆستا سدیق نووسی کە مامۆستا و برادەرمان بوو لە گوندی (گوڵدەرە) (سیَ ) کێلۆ مەتر دوورە لە گوندی کەڵوڕ کە ماڵی بووکێی لیَ بوو ، پێمڕاگەیاند کە ئێمە لێرەین و ئارەزوومانە کە تۆش بێیت .
کاغەزەکەم بە عبدالرحمان بۆی نارد

له ژێر تەئسیری کاریگەری بڕوامان بە یەکێتی سۆڤیەت ئاوها ناوی خۆمم برد:
(مونسوورۆف غەفوورۆفیسکی ساڵە ینێگراد) .

:: دوای ئەوەی دووکانەکەم تاڵانکرا . مووچەی خانەنشینیەکەم ئەوندە کەم بوو بەشی بژێوی یەکحەفتەمانی نەدەکرد ، بە ئۆتۆمبیلی تاکسی وپیکابی شەریکی گوزەرانمان ڕاییکرد. کە سێ لە منداڵەکانمان لە زانکۆ دەیانخوێند ، ئەگەرچی لەو ماوە درێژەدا ، ئیش کەلە لایکردم ، بەڵام بەسەر بەرزی وحەڵاڵی بردمە سەر .
خوێنەری ئازیز : ئەوەی لەم کتێبە خوێندتەوە یادەوەرییەکانی من بوو . هی غەیرە زەروریش هەیە (بوواردم) .
ئێستەش من تەمەنم لە (٨٠) ساڵ تێپەڕیوە کاتی ماڵ ئاواییمە . لەگەڵ هاوسەرەکەم دەپاڕێینەوە  لە خودا بەینی ماڵ ئاواییمان لە یەک حەفتە زیاتر نەبێت.
هاوسەرەکەم (فەخریە مەلا قادر ) ماوەی (٦٠) ساڵە پێکەوەین ، لە خۆشی وناخۆشی بەشداری یەکین ، بە شادیم شادەو بە غەمباریم غەمبارە ، لەلایەن منەوە دەستکراوەیە وئازادە لە خێر ، پیاوەتی، ئادابی کۆمەڵایەتی ، ئەویش زیادەڕۆیی و تەجاوز ناکات .
فەرقی نێوان خزمەکانی هەردووکمان ناکات ، ڕێز لە هەموویان دەگرێت . ئەویش جێگەی ڕێزی هەموویانە . ماڵ نیە کێشەی تیا ڕوونەدا ، هەر کێشەیەک لە نێوانماندا هاتبێتە ئاراوە  هەر خۆمان نەمان هێشتووە لە یەک کاتژمێر زیاتر بخایەنێت .
لە منداڵەکانمانیش ڕازین ( خوایە تۆش لێیان ڕازیبیت) . هەموو خوێندنیان تەواوکردووەو ،سەرقاڵی ماڵ وحاڵی خۆیانن زۆر سوپاس بۆ خوا هیچیان تووشی سەر ئێشەیان نەکردوین و ،هەتا ئەم چرکە ساتە کەسێک گلەیی وگازاندەی لە هیچیان نەکردووە .
من خۆم (ناری شاعیر ) واتەنی:
( چاوەڕێی ئاواز ودەنگی خاکەناز وپاچەمە ) .
:: سابیر عومەر بەگ کە هاوڕێی منداڵی گوندی (سەربیر)مە ،لەگەڵ عزیزی برای بەجیا چەند نامە یەکیان بۆ ناردم بە شیعر . لەخۆم ڕانەدی منیش جون وڵامیان بدەمەوە هەر بە شیعر . لە پێشا هاتمە سەر ئەوەی کە (وەسفێکی) گوندی سەربیر  بە تێر وتەسەلی بنووسم و بۆیان بنێرم ، بیرم لێکردوە ئەم (هەویرە ئاو زۆر ئەبا ) . لە دواییدا خۆم تاقیکردەوە و ،چی لە توانامدا بوو خستمە گەڕ ، وبەکێش وسەرواى شیعرێکی عزیز کە لەوە پێش بۆمنی نارد بوو ، ئەم شیعرەم هۆنییەوە و ، بەدوو نوسخە بۆمناردن :

(نابەزم)

لەتاو جەوری زەمانە بێ مەی خومار ومەستم
وادرێغ بۆ دڵسۆزێک حاڵیبێ لەمەبەستم
بەرەو ئاسۆ ملمنا دڕبدەم بە شەوە زەنگ
دێوەزمەی نەهاتیم ڕێی ڕۆینی لێبەستم

هەڕشەش دریان تەنیوم بە خاروزی ناحەزان
هەچ ئومێدێکی هەمبوو هەموویاندا لە دەستم
بەختم وەک پینەی ڕەشە بەقەد کەوای سپێوە
دەس ئەبەم بۆ شەمامە گوژاڵک دێتە دەستم
بەشوێن بەختی نەحسمدا ئەمکۆ بۆ ئەو کۆ گەڕام
بەو هیوایەی بیگرم وهەر چوار پەلی ببەستم
بۆ ئەوەی ماڵی کەم وبیگێڕمەوە لانەکەی
ئەو لە من تەڕدەستر بوو دڵ و دەروونی گەستم
بەڵام هەرگیز نابەزم ، ئەوڕێگەی گرتوومە بەر
هەزار ڕەقیب بگرن رێم تانەیبڕم ناوەستم
ئەو سەودایەی لەسەرمە پەیامێکی پیرۆزە
ئاوێتەیە بەوردی لەگەڵ ڕێباز وهەستم
شەرتە هەتاکو ماوم، تانوور مابێ لە چاوم
لەم ڕێبازەم لانەدەم چونکە پێوەی پەیوەستم
:: ئەم( سێ ) تاکە سەربەخۆن :
گەر بە مفتیش پێگەم لەکەیوانا دەسکەوێ
بێ هەوا وخاکی وڵاتم شەرتە لایبەم نەمەوێ
بەرامەی شەو بۆی خاکەکەی سەربیر
دەخاتە نەشئە جوان وژن وپیر
کنێرەی رۆخی شیوی ناز خاتوون
ناگۆڕمەوە بە نێرگز جاری گەردوون

:: نووسراوە بڵاوکراوەکانم
کتێبێک بە ناوی (خاکە رۆیەک لە خەرمانی شاعیران)
لەم ڕۆژنامە وگۆڤارانە نووسراوم بڵاوکردووەتەوە :
١- رۆژنامەی هاوکاری
٢- رۆژنامەی کەرکووکی ئەمڕو
٣- گۆڤاری کەرکوک
٤- گۆڤاری گزنگ
٥- گۆڤاری ئاسۆی فۆلکلۆر
٦- رۆژنامەی نەمر
٧- رۆژنامەی باسەڕە
٨- گۆڤاری بانە ڕۆژ بە گۆشەیەکی بەر دەوام (قسەوباسی کوردەواری )

له ژماره (٥٩ــتا ١٠١) .
بريتيه له گاڵته وگەپ ، ئامۆژگاری ، پەند ، قسەی نەستەق ، زانياری .
لەگەڵ چەند نووسراوێکی دەس نووسی تر .

له نووسينەوەی ئەم يادگارييانه بوومەوه له : ٩/٢/٢٠٢٣ عيسايی
بەرامبەر ١٩/١٠/٢٧٢٢ کوردی